دێموکراسی بۆ ئێران      خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٢   ٥ی مارسی ٢٠٠٤   ژمارە ٣٨٤   ١٥٠ تمەن

## لە پێشوازی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژناندا

خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان و هەوڵدان بۆ دابین‌کردنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیان و کارو تێکۆشانی ژنان لە ماڵ و کۆمەڵدا، ساڵ، بە ساڵ قووڵتر، بەرینترو بەهێزتر دەبێ. ژنانی تێکۆشەر، ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یەکانی ژنان و ڕووناکبیرانی دێموکرات و پێشکەوتنخواز، بەتایبەتی ناوەندە فەرهەنگی‌یەکانی خوێندکاران لە ئێران، ئەمساڵ خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی بەشکۆتری ڕێورەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان ئامادە کردوە. بەم بۆنەیەوە لە زۆربەی زانستگەکانی ئێران کۆڕو کۆبوونەوەو سمینار بۆ باس لەسەر جیاوازیدانان، توندوتیژی، گیروگرفت و کۆسپە جۆراجۆرەکانی سەر ڕێی پێشکەوتنی ژنان و دابین‌بوونی ماف و ئازادی‌یەکانیان، بەڕێوەدەچن.

بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی جۆراوجۆر بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەی ژنانەوە، لە کوردستانی ئێرانیش بە خۆشی‌یەوە ساڵ بە ساڵ بەرچاوترە.

لە پێشوازی ٨ی مارسدا، پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان و ئێران دەکەین و جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لە خەبات و تێکۆشانیان لە پێناوی بەرابەری و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیاندا، رادەگەیەنینەوە.

### داهاتوویەکی گەش لەبەردەم کوردەکان و چین و توێژو بەشە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا لە سێبەری:

# جێگیر بوونی حکوومەتێکی کۆماری، فیدرالی، دێمۆکراتیک و فرەیی بۆ عێراق

پاش ٢ مانگ باس و وتووێژ لەسەر گەلاڵەی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گوازتنەوەدا، ڕۆژی دووشەمە ١ی مارسی ٢٠٠٤، ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم ئەم گەلاڵەیان پەسندو بۆ ئیمزا کردن و ڕاگەیاندن ئامادە کرد.

نێوەرۆکی یاسای پەسندکراو، لەسەریەک بە هەموو خەڵکی عێراق و بۆ گەلی کورد لەو وڵاتە مزگێنیی داهاتوویەکی گەش و نوێی پێیەو تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامدەری ئەو ویست و داخوازو چاوەڕوانی‌یانەیە کە چین و توێژو بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی عێراق، بە ئاواتی وەدیهاتنیان لە عێراقی نوێ دابوون.

لەو قانوونەدا هاتوە کە سیستەمی حکوومەتی لە عێراقدا، کۆماری، فیدرالی، دێمۆکراتی و فرەیی‌یە. دەسەڵاتەکان لە نێوان حکوومەتی فیدرالی و حکوومەتە هەرێمی‌یەکان، پارێزگاکان و شارەوانی‌یەکان و ئیدارە خۆماڵی‌یەکاندا دابەش دەکرێ. سیستەمی فیدرالیش لەسەر بناغەی ڕاستی‌یە جوغرافیایی و مێژوویی‌یەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبێت، نەك لەسەر بناغەی ڕەچەڵەك، ڕەگەزو نەتەوە یان مەزهەب. هەر لەو قانوونەدا ددان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوەو وەك حکوومەتی ڕەسمیی ناوچەکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دیالەو نەینەوا ناوی براوە. لەسەر دابین کردنی مافە ئیداری، فەرهەنگی و سیاسی‌یەکانی تورکمانەکان، کلدانەکان، ئاشووری‌یەکان و تێکڕای هاووڵاتیان پێی داگرتوە.

ئەم قانوونە زمانی عەرەبی و زمانی کوردیی وەك دوو زمانی ڕەسمی لە عێراقدا ناوبردوە، شانبەشانی ئەوەش خوێندن لە دامەزراوە فێرکاری‌یەکان و دامەزراوە فێرکاری‌یە تایبەتی‌یەکاندا بە زمانەکانی دیکەی وەك تورکمانی، سریانی و ئازاد دەبێ.

بە گوێرەی ئەو قانوونە ئازادی‌یە گشتی و تایبەتی‌یەکان، لەنێو ئەوانیشدا بە تایبەتی ئازادیی بیروڕاو دەربڕین، پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانەو دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەو سەندیکا، هاتوچۆو خۆپێشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانەو ئازادیی ویژدان دابین دەکرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ.

لەو گەلاڵە پەسند کراوەدا، وێڕای ئەوەی ئیسلام وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی قانوون و ئایینی ڕەسمیی دەوڵەت هاتوە، بەڵام لەسەر ئازادیی ئایینەکان و بەڕێوەچوونی ئازادانەی ڕێورەسمەکانی تایبەت بەوان پێ‌داگیراوە. قانوونی تازە بایەخێکی تایبەتی داوە بە ڕۆڵی ژنان لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ‌داو، ڕای‌گەیاندوە کە ڕێژەی بەشداریی ئەوان لە پرۆسە سیاسی‌یەکان و ناوەندەکانی بڕیارداندا نابێ لە ٢٥٪ کەمتر بێ.

بە پێی ئەم یاسایە، حکوومەتی ئینتیقالیی عێراق لە ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و، لە دەسەڵاتی دادوەری پێك دێت. سەرۆکایەتیی حکوومەتی ئینتیقالی لە سەرۆکی حکوومەت و دوو جێگر پێك دێ. سەرۆك وەزیرو جێگرەکانیشی لەلایەن سەرۆکایەتیی حکوومەتی ئینتیقالی‌یەوە دیاری دەکرێن.

حکوومەتی ئینتیقالی لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ یان سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا، هەڵدەبژێردرێ و دەسەڵات دەگرێتە دەست. قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقیش کە دەستووری کاتیی وڵات دەبێت و دەبێتە بنەمایەکیش بۆ قانوونی هەمیشەیی، هاوکات لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقی‌یەکان بەڕێوەبردنی دەست پێ‌دەکرێ.

بڕیار وابوو "دەستووری کاتیی عێراق" ڕۆژی چوارشەمە ٣ی مارس ئیمزا بکرێ، بەڵام بە هۆی بەڕێوەچوونی کردەوە تیرۆریستی‌یەکان لە بەغداو کەربەلا، بۆ کاتێکی‌تر دوا خرا.

## سوپاسنامە

**هاونیشتمانانی بەڕێز !**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

دوێنێ هەینی ١ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی بەرنامەی پێشوو بەناو هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی بەڕێوەبرد. هەڵبژاردنێك کە لەگەڵ هەموو کارسازی، ئاسانکاری و تەبلیغاتێکی چڕو پڕی کە ڕێژیم بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆی کردبوو، لەگەڵ ساردی‌یەکی تەواوو بێ‌تەفاوەتێکی بەرچاوی خەڵك لە سەرانسەری ئێراندا بەرەوڕوو بوو و "نا"ی ئەو جارەیان لە "ئاری" جاری پێشوو کە هەردووکیان بە یەك مانا یانی نەویستنی ڕێژیم لە تەواوەتی خۆیدا دەربڕابوون، گرێ‌دا.

ئەگەر ئەو ساردی و بێ‌تەفاوتی‌یە بەرانبەر بە هەڵبژاردنی حەوتەمین دەوری مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە هەموو ئێراندا بەرچاو بوو. لە کوردستان نەك ئەو ساردی و بێ‌تەفاوتی‌یە ئەوەندە ڕوون و ئاشکراو ئەوەندە زۆرو هەمەگیر بوو کە وێ ناچێ دەزگا تەبلیغاتی‌یەکانی ڕێژیمیش بتوانن حاشای لێ‌بکەن، بەڵکوو لە ڕۆژانی پێش هەڵبژاردنیشدا لەگەڵ خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ئیعترازیی خەڵك بەرەوڕوو بوو. ئەو حاڵەتەو ئەو هەڵوێستگرتنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە هەڵبژاردنێك کە پێشتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و زۆر لە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی و ئێرانی بە حەق تەحریمیان کردبوو، لەڕاستی‌دا هەر وەك بە مانای نا گوتن بە ڕێژیمەیە، بە مانای پشتیوانی‌کردنی هەمەلایەنەو هەمیشەیی ئەوان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خۆیان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەو، نموونەیەکە لە هاودەنگی، هاوهەنگاوی و یەکدڵیی خەڵکی کوردستان لە گۆڕەپانی خەباتی دژی دیکتاتوری و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی، دێموکراسی و دابین بوونی مافی نەتەوایەتی‌دا. بۆیە بە پێویست دەزانین ڕێز لەو هەڵوێستە قورس و قایمەو یەکدەنگی و یەکپارچەیی‌یە بگرین و سوپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە یەك یەکی ئەوانەی کە بە پیر بانگەوازی تەحریمی هەڵبژاردن لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە چوون ڕابگەیەنین. لەو پێوەندی‌یەدا هەڵوێستی ئەوانەش کە پێشتر کاندیداتوریی خۆیان ڕاگەیاندبوو و لەگەڵ ئەوەشدا کە سەلاحییەتیان تەئیید کرابوو، کاندیداتوریی خۆیان وەرگرتەوەو بە لای خەڵکی خۆیاندا کەوتن و نەبوونە ئامرازی دەستی کۆنەپەرستی و دیکتاتوری لە بە ئەنجامگەیاندنی مەبەستە چەپەڵەکانی‌دا بە هەنگاوێکی شیاو و کارێکی بەجێ دەزانین.

دەستی یەك یەکی ئەو خەڵکە تێگەیشتوو و پێگەیشتووە دەکوشین و سەرکەوتنیان لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی‌دا بە ئاوات دەخوازین. دڵنیایین کە هەڵوێستی وا لێبڕاوانەو یەکدەنگی و یەکدڵیی لەم چەشنە ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەرکەوتن و بە ئاوات گەیشتن نزیکمان دەکاتەوە.

جارێکی دیکەش سوپاس و جارێکی دیکەش ئافەرین بۆ هەڵوێستی جوامێرانەتان

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی**

## تەقینەوە تیرۆریستی‌یەکان لە کەربەلاو بەغدا

ڕۆژی سێشەممە ٢ی مارس، ١٠ی موحەڕڕەم (عاشوورا)، لە کاتێکدا سەدان هەزار موسوڵمانی شیعە لە شارەکانی کەربەلاو بەغدا خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکانی تایبەت بەو ڕۆژە بوون، زنجیرەیەك تەقینەوەی تیرۆریستی ڕوویان دا. بەهۆی تەقینەوەکانی کەربەلا زیاتر لە ١٢٥ کەس کوژران و پتر لە ٢٤٠ کەسیش بریندار بوون. لە ئاکامی کردەوە خۆکوژی‌یەکانی "کازمییە"ی بەغداشدا نزیك بە ٦٠ کەس کوژران و زیاتر لە ٢٢٠ کەسیش بریندار بوون. بۆ ڕێورەسمەکانی ئەمساڵی موحەڕڕەم و عاشوورا، ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکانی ئێران خۆیان گەیاندبووە کەربەلاو بەغدا، هەر بۆیە ٤٠ـ٥٠ شیعەی ئێرانی لەنێو قوربانی‌یەکانی ئەو کارەساتە تیرۆریستی‌یانەدان.

تیرۆریستان کە ئەمجارەش ڕۆژێکی پیرۆزو بۆنەیەکی ئایینی‌یان بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە چەپەڵەکانیان هەڵبژارد، هەتا خەڵکی عێراق لە گرتنەدەستی چارەنووسی وڵاتەکەیان لە سێبەری حکوومەتێکی فیدراڵ و دێموکراتیکدا نزیکتر دەبنەوە، ئەوان پتر نیگەران دەبن و بە شێوەیەکی دڕندانەتر خەڵك دەکوژن. ئەوان لە بەرەبەری ئیمزاکردنی قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا، ئەو کارەساتانەیان خوڵقاند. بەڵام، وەك بە کردەوە دەبینین ئەوان بەو جینایەتانەیان ناتوانن عێراقی‌یەکان لە گەیشتن بە دەسەڵاتێکی خۆیی کە یەکیەتیی دڵخوازانەی ئەوان و ئازادی‌یەکانیان دابین بکا، سارد بکەنەوە.

### بەنیشانەی بێزاری لە کوژرانی کەسێکی بێ‌تاوان

## خەڵکی بانە خۆپێشاندنیان دژی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم وەڕێ خست

دوای ئەوەی ڕۆژی دووشەمە ١١ی ڕەشەمە کاسبکارێکی خەڵکی گوندی "بڵەسەن" بە ناوی "عەلی فەرەجی" لە نزیك شاری بانە کەوتە بەر دەسڕێژی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و کوژرا، ڕۆژی سێشەمە ١٢ی ڕەشەمە، خەڵکی وزاڵە هاتووی بانە بە خۆپێشاندان چوونە بەر دەرکی فەرمانداری و داوایان لە فەرمانداری شار کرد بێتە بەرامبەریان و هۆی ئەم جینایەتەی هێزەکانی ڕێژیمیان بۆ ڕوون بکاتەوە.

٨

### لە سۆنگەی شانۆسازیی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمدا

## جارێکی دیکە بێ‌پێگەیی و بێ‌ئابڕوویی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ دنیا دەرکەوت



شانۆسازیی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم کە ڕۆژی ١ی ڕەشەمە بەڕێوەچوو بە بۆنەی خۆ بواردنی نزیکەی سێ لە چواری دەنگدەرانی ئێران لە چوون بۆ سەر سندووقەکان، سەبارەت بەو هەمووە فێڵ و ساختەکاری‌یە کە بۆ بردنە سەری ژمارەی دەنگەکان لەلایەن پاوانخوازان و کۆنەپارێزانەوە بەڕێوەچوون، بەهۆی هاتنە مەیدانی خەڵکی ناڕازی لە چەندین شاری کوردستان و ئێران و پێکهەڵپڕژانیان لەگەڵ بەکرێگیراوان و دەست و پێوەندەکانی نیهادو دامەزراوە خۆسەپێنەکانی ڕێژیم، سەرئەنجام بە هۆی لە قاودرانی بە دەلیل و بەڵگەی هەوڵ و پیلانەکانی دەسەڵاتبەدەستانی ئەو ڕێژیمە بۆ بەڕێوەبردنی شانۆسازی‌یەکی بە دوور لە هەموو ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕەقابەتی، نەك هەر نەیتوانی نیشاندەری بەیعەتی خەڵك لەگەڵ ڕێبەری (خامەنەیی)و ڕێژیمەکەی بێ، بەڵکوو بێ‌پێگەیی ئەو ڕێژیمەو بێ‌ئابڕوویی ڕێبەرانی لەنێو خەڵکی ئێراندا بە ڕوونی و بە باشترین شێوە پێشان دا. بە جۆرێك کە ناوەندو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی ڕۆژئاواو تەنانەت یەکیەتیی ئورووپاش گاڵتەیان بەو شانۆسازی‌یە هات و بردیانە ژێر پرسیار. هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا تیشك خراوەتە سەر ڕەوتی ئەو "هەڵبژاردن"ەو ئاکامەکانی، بە تایبەتی هێندێك لە فێڵ و تەڵەکەو ساختەکاری‌یەکان.

### جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا:

## هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ خنکاندنی ئازادیی بیرڕا دەربڕین مەحکووم دەکەم



جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا ڕخنەی لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلمانی لە ئێراندا گرت و گوتی: ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران ئازادیی ڕادەربڕینیان خستۆتە ژێر پێ. لە بەیاننامەیەکدا کە کۆشکی سپی بەم بۆنەیەوە لە زمانی جۆرج بووشەوە بڵاوی کردەوە، هاتوە:

**هەڵبژاردنی پارلمانی پڕ لە کێشەو هەڵلای ئەم دوایی‌یانەی ئێران، منی زۆر ناهومێد کرد.** ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی زیاتر لە ٢٤٠٠ کاندیدای نوێنەرایەتی لەلایەن شووڕای ناهەڵبژێردراوی نیگابانەوە، زۆر لە ئێرانی‌یەکانی لە ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەری خۆیان بێ‌بەش کردوە. منیش هاودەنگ لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە ئێران و سەرانسەری جیهان، هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ خنکاندنی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، یەك لەوان داخستنی دوو ڕۆژنامەی پێشڕەوی ڕیفۆرمخواز لە بەرەبەری هەڵبژاردندا، مەحکووم دەکەم. ئەم جۆرە هەنگاوانە حکوومەتی قانوون لاواز دەکەن و هەوڵێکی ئاشکران بۆ ڕەتکردنەوەی داخوازی خەڵکی ئێران لە بارەی هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕێبەرانی حکوومەتی. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ویستی خەڵکی ئێران لەبارەی ژیان لە سێبەری ئازادی‌داو دەستڕاگەیشتنیان بە مافەکانیان، هەروەها لە بڕیاری ئەوان بۆ بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان، پشتیوانی دەکا.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز" ٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٢**

ڕەوشی کۆماری ئیسلامی پاش هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم ٢

هەڵبژاردن یا ناهەڵبژاردن ٢

تەحریمی هەڵبژاردن و سناریۆی هەڵبژاردن ٣

خۆرێکی پڕشنگدار بە زمانی ئازادی دەدوێ (قسەکانی دوکتور قاسملوو لە میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا) ٥

بەرەو بیستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ٨

دەرئەنجامی پاشگەز بوونەوە لە دروشمەکان ٩

لە یادی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٧٧دا ١٠

# ڕەوشی كۆماری ئیسلامی پاش هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی

زانیار

هەوڵی كۆنەپارێزانی نێو حاكمییەت بۆ زاڵبوون بەسەر مەجلیسدا، تەنانەت بە ژمارەیەكی كەمی دەنگیش، بەڵام دەنگی پشت ڕاست، نیشانەی پلانو سیاسەتێكە بۆ یەكدەستكردنەوەی ڕێژیم لە سەرجەم بوارەكانی سیاسی، ئابووریو كۆمەڵایەتیدا. دەستگرتن بەسەر مەجلیسداو هەروەها كۆنترۆڵكردنی دەزگای بەڕێوەبەریش بە ئەگەرێكی زۆر لەلایەن كۆنەپارێزانەوە، ئەو ڕاستییە دەردەخا كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی ناڕەزایەتیو دەنگ هەڵبڕینی خەڵك لە نێوخۆو هەروەها هەلومەرجی ئێستای ناوچەكە، بە تەمایە بەپێی پێودانگی ڕابردوو بجووڵێتەوەو سیاسەتێكی ئەوتۆش دەتوانێ فشاری زیاتر بخاتە سەر خەڵكو ئازادیخوازانی ئێران. سڕینەوەی لایەنی كۆماریی نیزام بە كردەكیو پێداگرتنو سووربوونی ڕێژیم لەسەر تۆختركردنەوەی پتری لایەنە ئیسلامییەكەی، كاریگەرترین ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان.

ئەو دروشمانەی كە كاندیداگەلی سەربە كۆنەپارێزان لەژێرناوی "ئابادگەران"دا لە كاتی هەڵبژاردندا بەرزیان كردنەوە نیشان دەدەن كە ئەوان بایەخێكی ئەوتۆ بە مەسەلە سیاسییەكانو ئازادییەكانی خەڵكی ئێران نادەن. سروشتییە كە هاودەنگیی دەوڵەتو مەجلیس لەگەڵ ڕێبەرانو بنیاتە ناهەڵبژێردراوەكانی ڕێژیم دەبێتە هۆی بەهێزیو سەرگرتنی سیاسەتەكانی كۆنەپارێزانو بوار بۆ ڕێژیم دەڕەخسێنێ كە بە دەستێكی ئاوەڵاترو پتر، مافو ئازادییەكانی گەلانی ئێران پێشێل بكاو هەروەها ئەمە یارمەتیی ڕێژیم دەدا تا ئامانجەكانی خۆی كە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە ژێرناوی حوكمی حكوومەتیداو بۆ دژایەتی لەگەڵ پێشنیارو پەسندكراوەكانی مەجلیسو دەوڵەت جێبەجێی دەكردن، لەمەودوا لە ڕێگای خودی مەجلیسو دەنگی بەناو نوێنەرانی خەڵكەوە جێبەجێ كراوەو بە ژێستێكی دێموكراتیكەوە بەرەوڕووی ئازادییەكانی خەڵك ببنەوەو تا دەكرێ كەمتر لە حوكمی حكوومەتی كە نیشانەی تاكڕەویو نادێموكراتیكبوونەكەی زۆر زەقە، كەڵك وەرگرن.

یەكدەنگیو داكۆكییەك كە بەم نزیكانە لە پێكهاتەی كۆماری ئیسلامیداو لەنێو دەزگا بەڕواڵەت هەڵبژێردراوەكانو ناهەڵبژێردراوەكاندا پێك دێ، بە كردەكی جێبەجێبوونی سیاسەتو بیروڕاكانی كۆنەپەرستترین بەشی ڕێژیمی لێدەكەوێتەوەو لە هەلومەرجێكی ئەوتۆدا دەبێ چاوەڕوانی ئەوەبین كە زەخت بۆسەر خەڵكیو بەرپەرچدانەوەی بزاڤە ئیعتیرازییەكانو تەنانەت پاكانەحیسابی نێوقۆڵەكانی ڕێژیم، توندترو بەرفرەتر ببنەوەو مامەڵەكردن لەگەڵ ویستە سیاسییەكانی خەڵك نەك هەر بەگوێرەی ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەكانو تەنانەت نە بە پێی ئەو قانوونەی ئێستای كۆماری ئیسلامی، بەڵكوو زۆرتر بەپێی ویستو ئیرادەی ڕێبەرانی ڕێژیمو بەكارهێنانی ئایینو مەزهەب وەك دەسكەلایەك دەبێو بازاڕی بەكافرزانینو سزادان، دوژمنایەتی لەگەڵ خوداو سزای گونجاو لەگەڵ ئەم وتەزایانە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە، دیسانەكە پتر برەوی پێ دەدرێو مەیدانی سەركوتی بە بیانووی هاندان بۆ "چاكەو گێڕانەوە لە خراپە"و. . . بەرینتر دەبێو لە ئاكامدا دەستی گرووپو تاقمەكانی سەربە ڕێژیم بۆ بەرتەسككردنەوەی زیاتری ئازادییەكانیو بۆختانكردن بە نەیارانو ئازادیخوازان زێدەتر دەكرێتەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە كە دەوڵەتو مەجلیسی داهاتوو بۆ كەمكردنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵك، هەندێ هەنگاو بۆ باشكردنی ڕەوشی ئابووریی وڵات هەڵگرن، بەڵام بێگومان نە هیچ هەنگاوێك لە پێناو چاكسازیی بنەڕەتیی ڕەوشی ئابووری بەبێ چاكسازیی سیاسی سەردەگرێو، نە خەڵكی ئێران لەبەر گۆڕینی نیوەچڵی باری ئابووری چاو لە ئازادیو مافە دێموكراتیكەكانی خۆیان دەپۆشن.

قۆڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات كە ئیدی ماوەیان بەسەرچووە، دوای هەڵبژاردنی ئەم خۆلەی مەجلیس، بەهۆی ناكارامەیی ئەم قۆڵە لە چوار ساڵی ڕابردوداو لەبەر ئەوەی هیچكات لەو ڕاستییە نەگەیشتن كە نە كۆماری ئیسلامیی ئێران توانای پێكهێنانی گۆڕانكاریی لە خۆیدا هەیەو نە ئەوان دەتوانن سۆزی خۆیان لە هەمبەر خەڵك بەرنە سەر كە لە ئاكامدا لایەنگرانی خۆیان دڵساردو ناهومێد كردو دوو ڕێگا زیاتریان بۆ نەماوەتەوە، یان دەبێ مل بۆ ویستەكانی قۆڵی بەرامبەر ڕاكێشنو یا لە حاكمییەت وەدەركەونو واز لە جوانكردنی ڕوخساری ڕێژیم بێننو لە پاڵ خەڵكدا دەست بكەن بە خەبات.

لە بیاڤی سیاسەتی دەرەكیشدا، دروشمە توندو دوژمنانەكانی ڕێژیم دژی ئەم یان ئەو وڵات، وەك بنەماكانی ڕێژیم، لە ڕواڵەتدا هەروا هەروەك ڕابردوو دەمێنێتەوە، بەڵام دوور نیە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی وڵاتانو دەوڵەتانی دەسترۆیشتوو بە مەبەستی دەربازبوون لە فشاری ناڕەزایەتیی خەڵك لە نێوخۆ پشت بە دەرەوە ببەستێ. چونكە كۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە كە ئەگەر بتوانێ ڕەزامەندیو پشتیوانیی ئەو وڵاتانە وەدەست بێنێ، چاوپۆشی ئەو وڵاتانە لە پێشێلكرانی مافو ئازادییەكانی خەڵكی ئێران شتێكی ساناو تاقیكراوەیە. بەڵام ئەو سیاسەتەی كە كۆماری ئیسلامی بە گوێرەی نێوەرۆكی لە داهاتوودا لە نێوخۆو دەرەوە پەیڕەویی لێ دەكا، دەبێتە هۆی دووركەوتنەوەی ڕێژیم لە خەڵكو زەقبوونەوەی پتری ئەم تەنگوچەڵەمانەی كە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەیەتیو دیسانەكەش هەر دەیبن، شتێكی چاوەڕوانكراوە، ئەم ڕەوشە هەلومەرجێكی سەختو ئاڵۆز بۆ ڕێژیم پێك دێنێ كە بە سانایی لێی دەرباز نابێ. نەخاسمە كە ناڕەزایەتیی خەڵكو ڕقو تووڕەیی لە ڕێژیم تا دێ زیاد دەكاو خەباتی بە دژی ڕێژیم بەرینتر دەبێتەوە.

❊❊❊

# هەڵبژاردن یا ناهەڵبژاردن

عەولا بەهرامی

هەڵبژاردن وەك یەكێك لە گرینگترین ئامرازەكانی دێموكراسی، بریتییە لە مافێكی سیاسی تاكەكانی كۆمەڵ كە لە ڕێگەی ئەوەوە تەعبیر لە ئیرادە، ویستو هەڵوێستەكانیان دەكەن. بەو مانایە كە تاكەكانی كۆمەڵو دواتر زۆرینەی دانیشتوانی وڵات لە ڕێگەی دەنگی ئازادەوە ـ چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ـ بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی نوێ، ڕەوایی نوێنەرایەتی لە نوێنەرانی پێشوو دەستێننەوەو دەیدەنە كەسانێكی دیكە. یان ڕوونتر بڵێین هەڵبژاردن ئەو میكانیزمەیە كە بە هۆی ئەوەوە خەڵك نوێنەرانیان هەڵدەبژێرنو لێیان دەپرسنەوەو بە شێوەیەكی گشتیتر نەخشی سەرەكییان لە دیاریكردنی دەسەڵاتدارەتیی وڵاتو كۆنترۆڵی دەسەڵاتدا هەیە.

ئەگەر بەم زینییەتەوە بڕوانینە چەمكی هەڵبژاردنو پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێراندا، ئەوە بە دڵنیاییەوە هەر زوو هەست بە ناتەباییەكی قووڵ دەكەین. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا دەبێ ئەو هەنگاوانە وەبیربێنینەوە كە توێژی دەسەڵاتبەدەست هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی ئیسلامیدا بۆ پاوانكردنی دەسەڵاتو ڕێگەگرتن لە ئیرادەی خەڵك، هەڵی هێناوەتەوە. ئەم توێژە هەر لە یەكەمین هەنگاوەكانیەوە، واتە هەر لە یەكەم پرۆسەی هەڵبژاردندا، كە بریتی بوو لە هەڵبژاردن لە نێوان سیستمی خوازراوی خۆیو سیستمی لەبەریەك هەڵوەشاوو بێزاری پێشوو، زۆر ڕاشكاوانەو بەبێ ترس خەڵكی خستە گەمەیەكی ڕواڵەتیو ڕەوایی بۆ خۆی لێوەرگرتن. ئەو هەنگاوەش سەرەتایەك بوو بۆ چەواشەكردنی چەمكی هەڵبژاردنو لە ڕێگای ئەوەیشەوە دێموكراسیو بیروڕای زۆرینەی خەڵكی وڵات سەبارەت بەم چەمكانە. لێرەدایە "ناهەڵبژاردن" زۆر بە سانایی جێگای هەڵبژاردن دەگرێتەوەو دیكتاتۆری لە ڕواڵەتی دێموكراسیدا دەردەكەوێو. . .

جیا لەم هەنگاوەش، ئەو ڕێژیمە بە پشت بەستن بەو ڕەواییەی بە چەواشەكردنی هەڵبژاردن وەدەستی هێناوە، هەموو چەمكە نادێموكراتیكو خوازراوەكانی خۆی لەوانە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه، ئیسلامییەتی سیستمی دەسەڵاتداریو یاساكان، دەسەڵاتی بێسنووری توێژێك لە ئاخوندەكانو. . . دەگوازێتەوە بۆ نێو یاسای بنەڕەتیی وڵات. بەم چەشنەو بە شێوەیەكی هەنگاو بە هەنگاو بە كەڵكوەرگرتن لە ڕواڵەتە مودێرنەكانی وەك هەڵبژاردن، پارلمان، سیستمی كۆماریو. . . هەر زوو ئیرادەی دێموكراتیكی خەڵك لە مانا ڕاستەقینەكەی بەتاڵ دەكەنەوە. لێرە بەدواوە هەموو ئەو چەمكانەی تەعبیر لە دەسەڵاتداری، دەوڵەت، خەڵك، هەڵبژاردن، دێموكراسیو. . .دەكەن، ماناو ڕەنگێكی دیكە بە خۆیانەوە دەگرن، ئەویش ئەو ماناو ڕەنگەیە كە سیستمی سەپاو بەوانی بەخشیوە. ڕەنگو مانایەك كە بە تەواوی تەعبیر لە ئیرادەو بەرژەوەندییەكانی توێژی دەسەڵاتبەدەست دەكا، نەك خەڵك.

بەم شێوەیە دەبینین كە هەڵبژاردن بەم هۆیەوە كە لە مانا ڕاستەقینەكەی دوورخراوەتەوەو لەوەش زیاتر دەبێ لەگەڵ ناهەڵبژێراوو ناهەڵبژاردندا بەربەرەكانی بكا! دەبێتە كۆمیدییەكی زنجیرەیی كە نوێترین عالقەی هەڵبژاردنی دەوری حەوتەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە ١ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا بوو.

هەڵبژاردن بەو نێوەڕۆكو واتایەی كە ڕێبەرانی ڕێژیم ویستوویانە، نەك ئامرازێكی هیوابەخش بۆ پێكهێنانی گۆڕانكاریی سیاسی نەبووە، بەڵكوو بەپێچەوانە، ئامرازێك بووە بۆ چەواشەكردنو بەنجكردنی خەڵكو هەروەها دەمامكێكی بریقەداریش بووە كە ڕوخساری دژەدێموكراتیكی ڕێژیمی بە شێوەیەكی پێچەوانە نیشان داوە. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە دوو نموونە دێنینەوە، یەكەم؛ ڕێژیمو توێژە بناخەدارەكەی تا توانیویانە هەوڵیان داوە، ئاكامەكانی هەڵبژاردنی مەجلیس بە قازانجی خۆیان بشكێننەوە، بۆ ئەوەی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەك كە نیشاندەری ئیرادەی خەڵك بێ لە مەجلیسدا ڕەنگ نەداتەوەو مەجلیس وەك دامەزراوێكی هەڵبژێرا و! تەبایی تەواوی لەگەڵ بنەماو بەرژەوەندییەكانیدا هەبێ. هەر لەم پێوەندییەدا ئەگەر نموونەی دەورەی شەشەمی مەجلیسیش وەك نموونەیەكی دیكەی پێوەندیدار بخرێتە بەرباس، دەبینین كە ئەگەر پاوانخوازانی دەسەڵاتبەدەست، كاتێك ناچاربوون لەگەڵ مەجلیسێكی جیاواز لەوانی پێشتر هەڵ بكەن، چۆن بە كەڵكوەرگرتن لە میكانیزمە بانیاساییەكان مەجلیسیان ناچار بە تەسلیم بوون كردو ئیرادەی خۆیان بۆ جارێكی دیكەش بەسەر ئیرادەی خەڵكدا سەر خست. دووهەم؛ هەڵبژاردنو مەجلیس لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیدا، دەمامكێكی دێموكراتیك بووە لە لایەك بۆ نیشاندانی گونجانی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ ڕێوشوێنە دێموكراتیكییەكاندا لەلای دنیای دەرەوەو، لە لایەكی دیكەشەوە بۆ سەلماندنی ڕەوایی خۆییو ڕەواییدان بە سەركوتی دژبەرە سیاسییەكان لە نێوخۆدا.

بەم پێیە سروشتی دەنوێنێ هەڵبژاردن وەك یەكێك لە ئامرازەكانی دێموكراسی لە چارەكە سەدەیەك دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیدا نەك لە خزمەت پێكهێنانی گۆڕانكاریی سیاسیداو جێگیركردنی بەهاو بایەخەكانی دێموكراسیدا نەبووبێو ڕێگەی بۆ شكڵگرتنی كلتووری دێموكراسی لە وڵاتدا خۆش نەكردبێ، بەڵكوو لە بەرانبەردا هەڵبژاردن لە ئێراندا بەم واتایەی لەم ماوەیەدا پێی بەخشراوە، ڕاست لە خزمەت بایەخە نادێموكراتیك، توتالیتاریستیو ئیدیۆلۆژییەكانی دەسەڵاتدارانو سیستمی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتدا بووەو ڕاست لە خزمەت ڕاگرتنو بۆ دواوە گێڕانەوەی پرۆسەی گۆڕانكارییە سیاسی، كۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەكاندا بووە.

كەواتە بە وەبەرچاوگرتنی ئەم ماهییەتو تایبەتمەندییەی لەلایەن دەسەڵاتدارەتییەوە دراوەتە هەڵبژاردن، دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن لە ڕووی ماناییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەر بەم پێیەش لە كرداردا بۆتە ناهەڵبژاردنو بە هەمان شێوەش دژی خۆیو لە ڕێگای ئەویشەوە بە گژ پرۆسەی دێموكراسیدا كراوەتەوە.

❊❊❊

# ئورووپا و كۆماری ئیسلامی، پاش هەڵبژاردنەكانی حەوتەمین دەورەی مەجلیس

م. مەعرووفی

ڕقەبەرایەتیی سیاسیو ئابووریی دەوڵەتانی ئورووپایی لەگەڵ ئەمریكا، بەتایبەتی پاش لێكهەڵوەشانی یەكیەتیی سۆڤیەت، پێی نایە قۆناغێك كە ئورووپا بۆ وەدەستهێنانی قازانجی ئابووریو بازرگانی زۆر لە ئوسووڵە مۆدێرنو دێموكراتیكەكانی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی وەك ئێراندا لە ژێر پێ بنێ. ئورووپا پاش هەڵوەشانی یەكیەتیی سۆڤییەت، هەمیشە هەوڵی داوە ئەو بۆشاییەی كە لە ڕووخانی ئەو زلهێزە لە ڕقەبەرایەتیو بەربەرەكانی لەگەڵ ئەمریكادا پێك هاتوە، پڕ بكاتەوە. كۆنترۆڵو بەدەستەوەگرتنی ئەو بازاڕانە كە ئەمریكا حوزووری كەمە یان هەر نیەتی، یەكێك لە ڕێگەكانی گەیشتن بەو مەبەستەیە. وڵاتی ئێمە كە بەدوای گیرانی سەفارەتی ئەمریكا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا لەلایەن پەیڕەوانی خەتی خومەینییەوە تا ئێستا لانیكەم بەڕەسمی تا ئەم دواییانەش بە ئاشكرا لەگەڵ ئەمریكا لە پێوەندیدا نەبووە، سەرنجی وڵاتانی ئورووپایی بۆلای خۆی ڕاكێشاوە. هەربۆیە لە سەرەتاكانی دەیەی ٩٠ی زایینییەوە پێوەندیی یەكیەتیی ئورووپا یان دەوڵەتانی ئورووپایی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی گەرمو گوڕترو ڕێژەی "معامله"و ساتو سەودای دوو لایەنە تا هاتوە، بەرەوژوور چووە. بەڵام پێوەندییەكی ئاوا بەرینو بەربڵاو لەگەڵ ڕێژیمێكی سەرەڕۆو كۆنەپەرستی وەك كۆماری ئیسلامی بۆ دەوڵەتانی ئورووپا كارێكی هەروا ئاسانو بێكەندو كۆسپ نەبوو. دەوڵەتانی ئورووپا بۆ پاساودانی پێوەندییەكی ئەوتۆ لەبەرچاوی بیروڕای گشتیی ئورووپاو خەڵكی ئاگاو تێگەیشتووو خەڵكی قاڕەیەك كە زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە ئازادیو دێموكراسی تەجروبە دەكەن، بیانووی جۆراوجۆریان هێناوەتەوە. ئەو ڕەوتە بەتایبەتی پاش كۆتایی شەڕی ئێرانو عێراقو بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەركۆماری لەلایەن هاشمی ڕەفسەنجانییەوە دەستی پێ كرد. هاشمیی ڕەفسەنجانی هەم بۆ پتەوكردنی جێپێی خۆی لەنێو حاكمییەتدا بەتایبەتی پاش مردنی خومەینیو هەم فریودانی بیروڕای گشتیی نێوخۆو دەرەوە هێندێك دروشمی بریقەداری لە پێوەندی لەگەڵ ئاوەدانكردنەوەی وڵات دوای شەڕو بردنە سەری ئاستی ژیانی خەڵكدا هەڵگرتنو نازناوی "سەرداری سازەندگی"ی لەخۆی ناو بەهۆی براكەیەوە حیزبێكی ساز كرد كە لەژێر ناوی "كارگزاران سازندگی"داو پۆلێك خوێندەوارو تێكنۆكراتی وەك وەزیر لە دەوری خۆی كۆكردنەوە. ئەمە بوو بەهۆی ئەوە كە دەوڵەتانی ئورووپایی بیانوویەكی باشیان دەسكەوێو ئەو ئاڵوگۆڕە گرنگانە! بە مەبەستی پاساو بۆ بیروڕای گشتیی وڵاتانی خۆیان بە نموونە بێننەوەو ڕەفسەنجانی وەك پیاوێكی لەسەرخۆو "معتدل"و میانەڕەو بەوان بناسێنن.

هەر لە سەردەمی سەركۆماریی ئەودا بوو كە ئورووپا تێزی دیپلۆماسیی "دیالۆگی ڕەخنەگرانە"ی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا كەشف كردو وای دەنواند كە بۆ ئەوەی ڕێژیمێكی وەك كۆماری ئیسلامی دەستەمۆ بكرێ، دەبێ وتووێژی ڕەخنەگرانەی لەگەڵ بكرێ تا ئەوەی تەریك بكەوێتەوەو لە كۆمەڵگای جیهان دابڕێ. تەجروبە نیشانی دا كە هەم ئورووپا قازانجێكی زۆری ئابووریی لەو تێزە وەرگرتووەو هەم كۆماری ئیسلامییش قازانجێكی زۆری سیاسی.

لەو ماوەیەدا بوو كە باشترینو بەوەجترین كەسایەتیو تێكۆشەرە سیاسییەكانی ئێران، بەتایبەتی لە كوردەكان بەدەست تیرۆریستانی كۆماری ئیسلامی لە ئورووپا شەهید كران. كەسانی وەك دوكتور قاسملووی نەمر، دوكتور سادق شەرەفكەندیو چەند كەس لە ڕێبەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بەختیار، بروومەند، ڕەجەویو. . . .بەڵام یەكیەتیی ئورووپاوو دەوڵەتانی ئورووپا جگە لە دەزگای قەزایی ئەڵمان كە ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامیی لە تیرۆری دوكتور سادق شەرەفكەندیدا وەك تاوانبار ناساند، نەك هەر هیچ دژكردەوەیەكیان نەبووە، بەڵكوو لە زۆر بواردا بۆ ڕزگاركردنی قاتڵەكان لەبەردەستی عەداڵەتو یان پووشبەسەركردنی پەروەندەكان هاوكاریی كۆماری ئیسلامییان كرد.

پاش ڕووداوی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦و هاتنە سەركاری محەممەدی خاتەمیو دروشمە پڕ زرقو بریقەكانی ناوبراوو پێكەنینی ناوبراو لەبەردەم دووربینەكاندا، دەوڵەتانی ئورووپا سەرلەنوێ ئەو ڕەوتەیان نوێ كردەوە. دەوڵەتانی ئورووپایی لەڕادەبەدەر

بۆ لاپەڕەی ١١

برووخێ ڕێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران

# تەحریمی هەڵبژاردن، سناریۆی هەڵبژاردن و...

**هەژیر**

دوای چەند حەوتوو کێشەو ئاڵۆزی لە نێوان لایەنە دەسەڵاتدارەکانو رەدی سەلاحییەتی زیاتر لە ٨٠ کەس لە نوێنەرانی ریفۆرمخوازی مەجلیسی ئێران لەلایەن ئورگانی نامەشرووعی شووراى نیگابانەوە، داخستنی دوو رۆژنامەی "شەرق"و "یاس نەو"ی سەر بە ریفۆرمخوازە دەسەڵاتدارەکان، هەروەها داخستنی نووسینگەی "جبهەی موشارەکەت"ی بەرەی ریفۆرمخوازەکان، بەستنی هێندێ لە سایتە ئینتێرنێتی‌یەکانو . . . هتد هەڵبژاردنی کارتۆنی مەجلیسی حەوتەم بەرێوە چوو.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەرییەکانو سایتە هەواڵی‌یەکانی نێوخۆو دەرەوە جگە لە چەند حەوزەی کارتۆنی نەبێ کە رێژیم بەکرێگیراو مەئموورەکانی خۆی هێنابووە سەر سندووقەکانو لەبەر دەم دووربینی هەواڵدەرییەکانی سەر بە ئیستبدادی دەسەڵاتدار ریزی کردبوون، هەزاران حەوزەی هەڵبژاردن لە سەراسەری ئێراندا کەسیان بەدەورەوە نەبوو. راپۆرتەکانی رۆژنامەنووسانو هەواڵنێرە نێوخۆییو دەرەکی‌یەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردندا هەڵگری ئەو راستی‌یەیە کە ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ وەڵامی ساردی خەڵك بەرەوروو بووە. دژکردەوەی ساردی خەڵكو تەحریمی بەرچاوی هەڵبژاردن بە شێوەیەك بوو کە کەسێکی وەك ئەکبەری رەفسەنجانی نەیتوانی حاشای لێبکا: "بەڵام ئەگەر ئێمە ببینین کە بەشێك لە خەڵك بە هۆی هێندێك لەو رووداوانە، بە نیسبەت چارەنووسی خۆیان کەمتەرخەمی دەنوێنن[!] شتێکی تاڵە" ئەو تەحریمە بە بۆچوونی چاوەدێران، گەورەترین تەحریمی مێژوو لە وڵاتانی ئیستبدادیدا بووەو هەروەها بە گەورەترین شکستی سیاسی ـ مێژوویی رێژیم دادەنرێ. سەرجەم گەلانی ئێران بە هەموو چینو توێژێکەوە لەچوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان خۆیان پاراستو ئەو هەڵبژاردنەیان تەحریمی مێژوویی کردو کردیان بە ریفراندۆمێك بۆ رەتکردنەوەی مەشرووعییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

جێگەی سەرسوورمان ئەوەیە کە دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی بە تەبلیغاتی جارِسکەرو تریبوونە تەبلیغاتی‌یە سەرگەردانەکانی سەر بە نیزامی ویلایەتی فەقیە هەر وەك هەڵبژاردنەکانی پێشوو چەند حەوتوو پێش هەڵبژاردن لە رێگەی فێڵو تەڵەکەی جۆراوجۆرەوە بۆ وێنە دەرکردنی هەزاران ناسنامەی ساختەو هەرەشەو گورەشە لە دەنگدەران، هەوڵیان دا خەڵك بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. لەو پێوەندی‌یەدا خامنەیی هەڵوێستی ریفۆرمخوازەکانو ئەو خوێندکارانەی پشتیوانیان لە تەحریمی هەڵبژاردن دەکرد، وەك کردەوەیەکی دوژمن شادکەر ناوبردو جەننەتی بەرپرسی شووراى نیگابانیش لە نوێژی هەینی‌دا بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو جۆرەکەسانەو گوتی: "کەسانێك کە خەڵك هان دەدەن لە هەڵبژاردندا بەشداری نەکەن، خائینن، بریاری تەحریمی هەڵبژاردن لە کافەکانی ئەمریکادا دراوە". راگەیەنە گشتی‌یەکانی رێژیم لە رۆژی هەڵبژاردندا باسی بەشداریی بێوێنەی خەڵکیان دەکرد، بەڵام ئەگەر کەسێك لەو رۆژەدا، سەیری تەلەفزیۆنی کردبێو گوێی لە رادیۆکانی رێژیم گرتبێ، بۆی دەرکەوتوە کە ئەو راگەیەنانە تەنیا بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێوەندییان بە مزگەوتی ئیمام حسین، مزگەوتی ئیمام سادقو حوسێنیەی ئێرشاد، ئیمامزادە ساڵح ـ تەجریش، مزگەوتی لۆرزادەوە هەبووە، تا بەشداریی رێکخراوی هێزەکانی قۆڵی رێبەری، وەك بەشداریی بێوێنەی خەڵکی سەرانسەری ئێران نیشان بدەن. جارجارەش بەرێوەبەری بەرنامەکانی رادیۆی رێژیم دووپاتی دەکردەوە کە: "دەبێ زللەیەك لە ئەمریکا بدرێو ئێران لەو گێژەڵوکە بەهێزەی کە دوژمن هەڵی کردوە، پاراست". بەڵێ سەرکردەکانی قۆڵی دواکەوتووی رێبەری زۆر بێشەرمانە حاشا لەو هەرەسە بێوێنەیە دەکەنو بۆ کەم رەنگکردنەوەی، بە رەنگی بزرکاو، دەنگی لەرزۆکەوە دەستیان کردوە بە کۆمەڵێك درۆ کە خۆشیان باوەڕیان پێیان نیە. ئەڵبەت خۆیان ناچارن حاشا لەو تەحریمە بێوێنەیە بکەن، چونکە دان پێدانانی بەو مەسەلەیە راست بە مانای رەدکردنەوەی مەشرووعییەتی نیزامی ویلایەتی فەقیهی دەسەڵاتدارە. بەڵام ناشیرینتر لەوە ئەوە بوو کە سەرەڕای چۆڵبوونی ناوەندەکانی دەنگدان، ماوەی دەنگدانیان ٢ کاتژمێر وەدوا دا، کە ئەو مەسەلەیەش لە یەکەمین دەرکەوتەکانی هەوڵدان بۆ ساختەکاریو پڕکردنی سندووقەکان لە دەنگی ناواقیعی‌یە کە بە سەیر کردنی ئامارەکان ئەو راستی‌یە زیاتر دەردەکەوێ.

لەو ٤٥٠٠ کاندیدایەی کە بۆ وەدەستهێنانی ٢٩٠ کورسیی مەجلیس لەو دەورەیەدا بەشدار بوون، تەنیا ٢٥٠ کەسیان رێفۆرمخواز بوون بە واتایەکی دیکە:

بۆ وێنە هیچ کام لە رێفورمخوازەکانی تاران یەك لەوان "کروبیش" نەیتوانی دەنگەکان بەدەست بێنێو بە تەواوی ٣٠ کورسیی پێتەخت کەوتە دەست پاوانخوازان. بەگوێرەی راگەیاندنی ستادی هەڵبژاردن لە ئێراندا ٤٦٣٥١٠٣٢ کەس مافی دەنگدانیان هەیە. لەو پێوەندی‌یەدا "زالی" بەرپرسی ناوەندی ئاماری ئێران لە شوێنی ستادی هەڵبژاردن بە هەواڵدەرەکانی گوت: ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە نزیکەی ٤٦ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار کەسن. هەروەها گوتی ئاماری راگەیاندراو لەلایەن وەزارەتی نێوخۆوە، لەلایەن ناوەندی ئاماری ئێرانەوە تەئیید کراوە. زالی گوتی: لەو ئامارە تەنیا نزیکەی ١٣٠ هەزار دەنگی هاووڵاتیانی شاری "بەم" کە نەیانتوانی لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بن کەم دەکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شووراى نیگابان بۆ بردنەسەری ئاستی بەشداران، رادەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو ٤٣ میلیون کەسی راگەیاندبوو.

بەپێی ئەو ئامارەی کە وەزارەتی نێوخۆ بڵاوی کردونەوە، زۆربەی هاووڵاتیان واتە ٥٥ تا ٦٠٪یان لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان نەکردوە. تەنانەت لە شارە گەورەکانی وەك تارانو مەشهەد گەیشتۆتە ٧٢٪ تا ٧٥٪، کە لە هەڵبژاردنی دەورەکانی مەجلیس لە سەرەتای ئینقلابەوە تا ئێستا بێوێنە بووە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستدان نزیکەی ١٥٪ی ئەو دەنگدانەی خراونەتە نێو سندووقەکانەوە، دەنگی "سپی" بوون.

بە پێی راپۆرتی سایتی "رویداد" رێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمدا، بەبەراورد لەگەڵ ٢٤ جار هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا تەنیا لە هەڵبژاردنی دەورەی سێهەمی مەجلیسی "خیبرەگان"ی رێبەری ساڵی ١٣٧٧ زیاترەو تەنانەت لە هەڵبژاردنی ساڵی رابردووی شووراکانیش کەمترە. بە واتایەکی دیکە خەڵکی ئێران بە بەشداری نەکردنی بەربڵاویان لە هەڵبژاردندا، ئەو پەیامەیان دا کە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە بۆتە بەربەستێك لەبەردەم گەیشتن بە ویستو بەرژەوەندی‌یەکانیان.

بەپێی ئاماری وەزارەتی نێوخۆ، لە ئوستانی تاران ٨٢٦١٦١١کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، هەرچەند بەپێی بەراوردی سایتی "رویدا" ئەو بەشداریکردنە لە تەواوی شارەگەورەکانی وڵاتدا کەمتر لە ٣٠٪و لە تاراندا زیاتر لە ٢٠٪ نشیان دەدا. بەڵام وەزارەتی نێوخۆ لەژێر فشاری کاربەدەستانی رێژیمو بەتایبەت شووراى نیگاباندا رایگەیاند کە ٣٤٪ لەو کەسانەی مافی دەنگدانیان بووە لە هەڵبژاردنی تاراندا بەشدارییان کردوە. شایانی باسە وتەبێژی هەیئەتی بەرێوەبەریی هەڵبژاردنی تاران بەبێ سەرنجدان بە ئاماری وەزارەتی نێوخۆ رایگەیاند ٦ میلیونو ٢٥٠ هەزار کەس لە تاران مافی دەنگدانیان هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ساختە کارییانەشدا بەپێی راپۆرتی سایتی "رویدا" نزیکەی ١٧٠٠٠٠٠ دەنگ لە سندووقەکان هاویشتراونو ئەوەش لە حاڵێك دایە لە دەورەی رابردوودا تەنیا "محەممەد رەزا خاتەمی" کەسی یەکەمی هەڵبژاردنی تاران توانیبووی ١٧٩٤٦٠٥ دەنگ بەدەست بێنێ.

شاری مەشهەد یەکێك لە گەورەترین ناوەندەکانی ئایینیو مەزهەبی‌یەکانەو بە هۆی تەشەنەو هێزی "ئاستانی قودسیی رەزەوی"یەوە کە بە تەواوی لە خزمەت نیزامو قۆڵی پاوانخوازی رێژیم دایە گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەیە. لەو هەڵبژاردنەدا بە هۆی دەستێوەردانی شووراى نیگابان، هیچ کام لە کاندیداکانی سەر بە رێفۆرمخوازەکان بەشدار نەبوونو هەموو کارەکان بەدەست "ئاستانی قودسی رەزەوی"ی سەر بە پاوانخوازان بوو ـ لە هەڵبژاردنی دەورەی شەشەمی ئەو شارەدا کە ١٦٠٠٠٠٠ کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، ٢٨٠ هەزار کەس دەنگیان بە کەسی یەکەمی لیستەکەدا، کە سەر بە قۆڵی ریفۆرمخواز بوو. واتە هیچ کەس دەنگی بە کاندیدای پاوانخوازان نەدا. بەڵام لە هەڵبژاردنی رۆژی هەینی‌دا، رێژەی دەنگدەران لەچاو دەورەی پێشوو زیاتریش بوو، پاوانخوازەکان بەگشتی سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. کە کەسی یەکەم توانیویەتی ٨٠٠٠ دەنگ بەدەست بێنێ. کەوابوو لە ١/٥ میلیۆن دەنگدەر تەنیا ٢٨٠ هەزار کەس بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردوەو سەرەڕای ئەوە کە پاوانخوازان زۆریان هەوڵ دا، بەڵام کەمتر لە ١٨٠ هەزار کەس دەنگیان پێدان، ئەوەش واتە بەشداریی ١ لەسەر١٠ی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی مەشهەد دا. بە پێی ئەو ئامارانە بۆمان دەردەکەوێ کە بەبێ دەستتێوەردانی شووراى نیگابان، پاوانخوازەکان لە شارێکی وەك مەشهەد دا هەرگیز ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن. دەبینین لە شارێکدا کە دووهەمین شاری گەورەی شیعە مەزهەبی ئێرانە ئاستی دەنگ وەدەستهێنانی پاوانخوازانو دارودەستەکەیان بەو شێوەیە، دابەزیوە.

ـ تەورێز وەك دووهەمین شاری زانکۆیی لە دەورەی پێشوودا ١٠٠٠٠٤٠ دەنگدەری هەبوو کە ٥٠٠٠٠٠ کەسیان لە هەڵبژاردندا بەشداری کرد. لەو هەڵبژاردنەدا کەسی یەکەم توانیبووی ١٩٠ هەزار دەنگ بەدەست بێنێ، بەڵام، ئەوجارەیان لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو رێژەیەی دەنگدەرەکان چۆتە سەرێ، کەسی یەکەم بەوەدەستهێنانی ٩٠ هەزار دەنگ هەڵبژێردراوە، واتە لە چوار کەس یەك کەس دەنگی داوە، بە واتایەکی دیکە ٦/٥٪ی سەرجەم دەنگدەرانی شاری تەورێز. لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش دۆخی هەڵبژاردن هەر بەو شێوەیە بوو، بە پێی رادەی بەشدارانی راگەیەندراو لە لایەن رێژیمەوە، لە هیچ کام لە شارە گرنگەکانی ئێراندا، رادەی بەشداران لە هەڵبژاردندا ناگاتە ١٥٪ی دەنگدەران کوللی ئێران. لە ئوستانی گیلاندا رادەی بەشداریی خەڵك کەمتر بوو لە بەشدارییان لە هەڵبژاردنی شووراکانی شاردا، کە لەودا نزیك بە ١٢٪ ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشدار بوون، سەیر ئەوەیە کە کۆی ئەو دەنگانەی لە سندووقەکانی هەڵبژاردنی شارەکانی ئێرانشار، سیمیرۆم، محسنی و. . . هاویژراون زۆر زیاتر لە حەشیمەتی ئەوشارانە راگەیاندراوە!! ئەوەیە ئەو دانانەی کە بە فێڵو ساختەکاری دەنگەکان کە تەنیا لە حکوومەتێکی ئیستیبدادی وەك کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە.

کوردستان کە هەمیشە وەك قەڵایەکی قایم لەبەرامبەر ئیستبدادو دیکتاتۆری‌دا راوەستاوە، پاوانخوازەکان لە هەڵبژاردندا لەگەڵ "نا"یەکی گشتی بەرەو روو بوون. ئەو جارەش خەڵکی کوردستان بە تەحریمی هەڵبژاردن نیشانیان دا کە خوازیاری لەناوچوونی بە تەواوی کۆماری ئیسلامیی ئێراننو بە هاودەنگ بوونیان لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێراندا خوازیاری رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی خەڵکی‌و دیموکراتن. چاوگێڕانێك بەسەر هێندێ لە ئامارەکاندا، دەرخەری ئەو راستی‌یەیە.

لە کرماشان، گەورەترین شاری کوردستانی ئێران، رادەی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنی رۆژی هەینی‌دا لە رادەی تەورێزیش نزمترە یانی لەو ٩٩٠٠٠ هەزار کەسەی کە دەورەی پێشوو دەنگیان دابوو بە کەسی یەکەم ئەو جارەیان کەسی یەکەم کە سەر بە پاوانخوازەکان بوو بە وەدەستهێنانی کەمتر لە ٤٠٠٠٠



دەنگ رەوانەی مەجلیس کرا. دیارە نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین بە هۆی ئەوە کە ئەو ناوچەیە لە بورای ئابووریو نیزامی ناوچەیەکی گرنگە ژمارەی هێزەکانی نیشتەجێی رێژیم لەو ناوچەدا زۆر لەو ژمارەیە زیاترەو دەیان هەزار کەس لە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە پادگانەکانی ئەو شارەدا نیشتەجێن، بەو پێیە دەکرێ بڵێین ئەوانەی لە شارێکی وەك کرماشاندا مافی دەنگدانیان هەیە، تەنیا چەند دەرسەدێکی کەم بووە.

هەڵبژاردن لە ناوەندەکانی شاری سنە، دیواندەرەو کامیاراندا زۆر بێ برەو بوو. یەکێك لە دانیشتوانی شاری سنە لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆ "فردا" گوتی: خەڵك ئەو هەڵبژاردنەیان قبووڵ نیە، لەسنەدا قەرەباڵغی بەرچاو ناکەوێ، بەڵام هەڵبژاردن پێشوازی‌یەکی زۆر ساردی لێکرا. بەجۆرێك کە لە هیچ ئوستانێکی دیکەدا بەوشێوەیە نەبووە". یەکێك لە هاورێیانی تەشکیلاتی لە ئیمەیلێکدا بەو شێوەیە باسی هەڵبژاردنی شاری سنە دەکا: بەخۆشی‌یەوە هەموو ئەو شوێنانەی بۆ دەنگدان دیاری کرابوون، چۆڵ بوون، خەڵك تەنانەت بەبەردەمیشیاندا نەدەرۆیشتن، کە نەکا کەسانێك وابیر بکەنەوە کە ئەوانە دەیانهەوێ دەنگ بدەن. لە شەقامەکانی ئاویەر، بلواری خەسراوا، شاڵمان، شەریف ئاوا، ئەدەب، نەکی، وەکیل، فەرەحو ژاندارمێری‌دا وەزعی دەنگدان سفری سفرە. لە گەرەکەکانی دیکەش بەرادەیەك نالەبارە کە بۆ باسکردن نابێ. هەروەها دەڵێ: ٨ سندووق تەنانەت یەك دەنگیشیان تێنەهاویژرابوو، لە سندووقێکیش ٢ دەنگ بەرچاو دەکەوت کە بەوتەی بەرپرسانی سندووقەکە ئەو دوو کەسەش خۆفرۆش بوونە. ناوەندەکانی دەنگدان بەرادەیەك چۆڵن کە پۆلیسی ١١٠و ماشێنەکانی چاوەدێر دەچنە ئەو شوێنانەو بەرواڵەت ئاڵۆزو پڕحەشیمەتیان نیشان دەدەن. لەگەڵ هەمووی ئەوانەداو فێڵو ساختەکاری‌یەکی زۆر، نەفەری یەکەم بە ٣٩١٩٧ دەنگ سەرکەوتن بەدەست دێنێ. ئەوە لە حاڵێك دایە کە نەفەری یەکەم لە دەورەی پێشوودا ٩٢٠٠٠ دەنگو نەفەری دووهەم ٧٠٠٠٠ دەنگو نەفەری سێهەم ٦٠٠٠٠ دەنگی بەدەست هێناوە، خاڵێکی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە لە کاندیداکانی شاری سنەدا محموودی فەرزانە ـ بەرپرسی پێشووی ناوەندی گەورەی ئیسلامی ـ حەبیبەڵلا رەزایی لە خۆفرۆشە ناسراوەکان، مورتەزا بەیات (بێگانە)و مورتەزا زەرین گوڵ کە لە لایەن ئیتلاعاتەوە پشتیوانی دەکرێن، شیعەن.

لە ئیلام ٢٥٦٠٠٠ کەس مافی دەنگدانیان بووە کە ١٧٠٠٠٠ کەسیان بەشدارییان کردوە، بەڵام هیچ کام لە نوێنەرەکان نەیانتوانی لە دەوری یەکەمدا بگەنە مەجلیس. پێویستە بگوترێ کە ئەو کەسانەی لە رێگەی ئیلامەوە دەیانویست بچن بۆ زیارەتی نەجەفو کەربەلا لەژێر هەرەشەو فشار دا دەنگیان پێ‌لە سندووقەکان هاویشتوونو کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی هەژاریشیان بە پارەیەکی کەم ٥٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ تمەن بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان راکێشاوە.

١٤٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی مەهاباد مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام بەگوێرەی راگەیەندراوی فەرمانداری ئەو شارە تەنیا ٢٢٠٠٠کەس لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کردوە. چاوەدێران رادەی دەنگە سپی‌یەکانیان ٧٠٠٠ دەنگ بەراورد کردوە. با ئەوەش فەرامۆش نەکەین بەهۆی ستراتژیك بوونی مەهابادو ئەوەی کە وەك ناوەندێکی حیزبی دیموکرات چاوی لێدەکرێ، هەمیشە ئەو شارە پڕکراوە لە هێزە نیزامی‌و ئینتیزامی‌یەکانی رێژیم، کە ئەگەر دەنگی ئەو هێزانەش حیساب بکەین، رێژەی بەشداران لەو شارەدا سەرەڕای ساختەکاری‌یەکان بە زەحمەت رەنگە بگاتە ٧٪ی دەنگدەران.

لە مەریوان ١٣٢٠٠٠ کەس مافی دەنگدانیان هەیە، کە ٣٣٢٥٥ کەسیان لە هەڵبژاردن بەشدارییان کردوە، رادەی دەنگی سپی ئەو شارە دەگاتە ٥٢٥١ دەنگو هەروەها نزیکەی ١٠٠٠٠ دەنگیش لەلایەن هێزە ئەرتەشی‌و سپاهی‌و بێگانەکان خراونەتە سندووقەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئەو شارە لەو باوەڕەدان کە ساختەکاریی زۆر کراوە، دێهاتەکانی سەر بەو شارەش رێگەیان بە سندووقەکانی هەڵبژاردن نەداوەو لە ئاوایی‌یەکانیش کە سندووقیان داناوە، پێشوازی ئەوتۆیان لەلایەن خەڵکەوە لێنەکراوە بەرادەیەك کە دەکرێ بڵێین ژمارەی بەشداریی خەڵك سیفرە. لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆی رۆژی هەڵبژاردندا هیلیکۆپتێرێك دێتە ئەو شارە کە خەڵك لەسەر ئەو باوەڕن کە ئەو هێلیکۆپتێرە ناسنامەی ساختەکاری لەگەڵ خۆی هێناوە، کە بە پێی دەستووری خامنەیی قەرارە لە هەڵبژاردندا کەڵکیان لێوەربگیرێ.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە شارەکانی پیرانشارو سەردەشتو دێهاتەکانی دەوروبەریان رادەی بەشداریی خەڵك هەروەك شوێنەکانی دیکەی کوردستانە. رێژیم رایگەیاندوە کە ٩٧٠٠٠کەس مافی دەنگدانیان هەیە، کە بە گوێرەی ئامارێکی دروست بەسەرنجدان بە چوونە سەری رادەی حەشیمەت لەو ناوچەیەدا دەبوو ١١٠٠٠٠ کەس مافی دەنگدانیان بووبایە. لەگەڵ ئەوەشدا ٤٠٦٦٢کەس لە هەڵبژاردن بەشدارییان کردوە. لە ٤٢٪شیان ١٨٪یان دەنگی سپی داوە، کە دەکرێ بڵێین ٢٤٪ی خەڵك بەشدارییان کردوە. لەو ٢٤٪ش، نزیك بە ١٠٠٠٠کەسیان هێزەکانی ئەرتەشو پاسدارەکانی نیشتەجێ لە پادگانەکانی پیرانشارو سەردەشت پێکیان هێناون. کەوابوو دەکرێ بڵێین رێژەی بەشداران لەو دوو شارەشدا سنووری ١٠٪ نابەزێنێ.

لە شارەکانی سەقز، بانە، بۆکان، شنۆ، کامیارانو . . . هتد رادەی بەشداران لە هەڵبژاردندا زۆر کەم بووەو ئەوپەڕی ١٥٪ ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان بووە بەشدارییان کردوە. کە زۆربەیان سەربە هێزەکانی دەوڵەتو قوتابییانی ئەو ناوچەیەن کە بە هۆی ترس لە وەرنەگرتنیان لە زانکۆکاندا ناچار کراون بەشداری بکەن.

بەو شێوەیە گەلانی ئێران بە تەحریمی بەربڵاوی سناریۆی هەڵبژاردنی رێژیم، نیشانیان دا کە بە هاودڵی‌و یەکیەتیی خۆیانو بە "ایدە"ی تەواوی گەلانی ئێران تا بەدەستهێنانی ئازادی‌و دیموکراسی لە وڵاتەکەمان ساتێك لەبەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی واز ناهێننو بەو کردەوەیەی خۆیان بە تەواوی نیزامی سەرەڕۆی دینییان تووشی قەیران کردوەو سەلماندیان کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێرانی هیچ مەشرووعییەتێکیان لەلایەن خەڵکەوە نیەو ئەو یەکیەتی‌و هاودەنگی‌یە نیشانەی سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆرەکانو نیزامی توتالیتری ئاخوندی‌یە.

**سەرچاوەکان:**

- **راپۆرتو هەواڵەکانی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب**
- **رادیۆ B.B.C**
- **رادیۆ "فەردا"**
- **سایتەکانی "ایران امروز"، "رویداد"و "بازتاب"**

❊ ❊ ❊

# هەواڵەکان

## جوانرۆ:

### سەبارەت بە ناڕەوابوونی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمی ئێران

دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن لە شاری جوانڕۆ و دەرچوونی دووبارەی "مستەفا محەممەدی" وەك نوێنەری هەورامان و جوانڕۆ، زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە خەڵکی جوانڕۆ و ناوچەکانی دەوروبەری، لەبەر دەرگای فەرمانداریی ئەو شارە کۆبوونەوەو ناڕەوابوونی ئەو هەڵبژاردنەیان ڕاگەیاندو داوایان لە بەرپرسانی ڕێژیم لە جوانڕۆ کرد کە ئەو هەڵبژاردنە ڕەدکراوە ڕابگەیەنن، بەڵام سەرەڕای ئەوە، لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە بڵاوە بە خەڵك کرا، بەڵام خەڵك وەڵامیان نەدانەوەو لەو پێوەندییەدا ڕقو بێزاریی خۆیان بە ڕێژیم نیشان دا. هەربۆیەش زیاتر لە ٤٨ کەس لە خەڵکی ئەو شارە لەلایەن ڕێژیمەوە دەستگیر کران و تا ئێستاش چارەنووسیان بۆ بنەماڵەکانیان ڕوون نیە.

❊❊❊

## سەردەشت:

### کۆچی دوایی یەکێك لە قوربانیانی شەڕی ٨ ساڵە

بەگوێرەی هەواڵی گەیشتوو لە شاری سەردەشتەوە، ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، یەکێکی دیکە لە قوربانییەکانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق و بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕێژیمی عێراقەوە، بەناوی خوشکە "فاتیمە حەداد" پاش ١٦ ساڵ بەربەرەکانێ‌کردن لەگەڵ ئێش و ئازاری شوێنەوارەکانی شیمیایی لەسەر لەشی، لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد.

خوشکە فاتمە حەداد، ژیانی خۆی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو بەتەواوی حیزبیدا تێپەڕ کردبووو ٥ کەس لە براکانی و خزم و کەسانی نزیکی لە سەرەتای شۆڕشەوە لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خزمەتیان دەکردو خوشکە فاتمەش بە هەموو شێوەیەك ئەو براو خزم و کەسانەی لە بواری ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتی دەداو بە خەمیانەوە بووو ناوچەکانی کوردستانی دۆڵ بەدۆڵ و شاخ بەشاخ دەگەڕاو سەردانی براو خزمانی دەکردو پێویستییەکانیانی بۆ دابین دەکردن.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو خوشکە نیشتمانپەروەرەوە، لەلایەن دەستەی نووسەران و کارگێڕانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە سەرەخۆشی لە خزم و کەس و بنەماڵەی بەڕێزی حەدادەکان دەکەین و خۆمان لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانین.

❊❊❊

### کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەرو مرۆڤدۆست لە ئۆردووگای کوردە ئاوارە ئێرانییەکان لە "شێرەوەن"



کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٤/٣/١ ، کاك بارام خوسرەوی، (ناسراو بە بارام بازگر) یەکێك لە ئەندامانی کومیتەی پەنابەرانی ئۆردووگای تازە دامەزراوی کوردە ئێرانییەکان لە شێرەوەن (لە ٨ کیلومیتری شاری کەلار)، لە نەخۆشخانەی شاری خانەقین، دڵی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی یەکجاریی لە بنەماڵەو خۆشەویستانی خواست.

کاك بارام خەڵکی ناوچەی بازگری داڵەهۆ سەر بە پارێزگای کرماشان و لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠و، بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە وەك هەزاران بنەماڵەی دیکەی ناوچەکانی داڵاهۆ (شارەکانی سەرپێڵ و زەهاو، قەسرشیرین و ناوچەی باوەجانی) ئاوارەی عێراق بوو. کاك بارام لەو کەسایەتییە بەڕێزو ناودارانەی ئۆردووگای کوردە ئێرانییەکان لە ئەلتاش (ڕۆمادی) بوو کە نەخشێکی بەرچاوی لە ڕاپەڕاندنی گیروگرفت و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئەو ئۆردووگایەدا هەبوو. لە ساڵی ١٩٨٩ەوە وەك ئەندامی حیزبی دێموکرات تێکۆشانی هەبوو. کاك بارام جگە لەو کارو ئەرکانەی وەك ئەندامی کۆمیتەی حیزب و وەك ئەندامی کومیتەی پەنابەران جێبەجێی دەکردن، وەك هونەرمەندێکی نیگارکێش و وەك مامۆستایەکی وانەی نیگارکێشی خزمەتی دەکردو لە ڕێنوێنی و دەستگرتنی منداڵانی بنەماڵە ئاوارەکانی کوردی ئێرانی دریغی نەدەکرد. ئەو کەسایەتییە بەڕێزو دڵسۆزە، لەو کەسانە بوو کە بە دوای ڕووخانی حکوومەتی عێراقدا هەوڵێکی زۆری دا بۆ گەیاندنی دەنگی دانیشتوانی ئۆردووگای ئەلتاش بە بیروڕای گشتی و بەوپەڕی ماندوویی نەناسییەوە کاری دەکرد بۆ ئاگادارکردنەوەی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆست و خێرخوازەکان، لەو هەلومەرجە پڕمەترسییە کە دانیشتوانی ئەو ئۆردووگایە لەم یەك ساڵەی دواییدا تووشی هاتبوون. کاك بارام بۆ هێنانە بەرباسی گیروگرفتەکانی دانیشتوانی ئۆردووگای تازە دامەزراوی "شێرەوەن" لەگەڵ لایەنە بەرپرس و پێوەندیدارو خەمخۆرەکانیش، بێ‌دریغ هەوڵی دەدا.

مەرگی بێوەختی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو بە خزمەتە، پاش ٢٤ ساڵ ئاوارەیی و دووری لە زێدو نیشتمانی خۆی بووە هۆی خەم و پەژارەی کوردە ئێرانییەکان و هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی.

شایانی گوتنە ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی ڕەشەمە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی هاوڕێ محەممەد شەهرەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی ئەو کەسایەتییە خۆشەویست و نیشتمانپەروەرەدا بەشداربووو، لە نزیکەوە هاودەردی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەو کەسوکاری ئەوو دانیشتوانی ئۆردووگای شێرەوەن ڕاگەیاند.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ

❊❊❊

# کارو چالاکیی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## فینلاند:

### چاوپێکەوتن لەگەڵ سکرتێری نێونەتەوەیی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلمانی فینلاند

بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و باسکردن لەسەر ڕەوشی هەڵبژاردنی پارلمان لە ئێران و هەروەها بە مەبەستی کردنەوەی دەروازەیەکی گفتگۆ لەسەر کێشەی کورد لە ئێران و پێوەندیی ئەو کێشەیە بە پرسی دێموکراسی لە ئێراندا، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند، ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٤ی فێوریەی ٢٠٠٤، سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەی کردو لەگەڵ خاتوو "پاولا مۆیساندێر"، سکرتێری کاروباری نێونەتەوەیی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی فینلاند، دیدارو گفتگۆی کرد. لەو وتووێژە یەك کاتژمێرییەدا، وێڕای باس لەسەر کێشەی ئەمڕۆی ئێران و ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، هەروەها باسی ڕەوشی کوردستان بەگشتی لە هەلومەرجی ئێستادا کرا. لایەنەکان بڕیاریان دا هەوڵ بدەن چالاکییەکانی خۆیان یەك بخەن بە مەبەستی پێکهێنانی سمینارێك لەسەر مافی مرۆڤ لە ئێران. هەروەها پێوەندییە بازرگانییەکانی فینلاند ـ ئێران.

شایانی باسە هەیئەتی کۆمیتەی حیزب بریتیبوون لە: بەڕێز ڕێبوار کەریمی "ڕۆشنبیر"و مەجید حەقی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە فینلاند.

### چاوپێکەوتن لەگەڵ سکرتێری کاروباری نێونەتەوەیی فراکسیۆنی پارلمانی سۆسیال دێموکراتەکان

ئێوارەی ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٤ی فێوریەی ٢٠٠٤، چاوپێکەوتنێکی دۆستانەی سێ کاتژمێریی لەگەڵ ڕێزدار "سێباستان ساس"، سکرتێری پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی فراکسیۆنی سۆسیال دێموکراتەکان لە پارلمانی فینلاند ساز درا. لەو چاوپێکەوتنەدا، تەوەری گفتگۆکان بریتیبوون لە: ناساندنی ڕەوشی ئێران و کوردستان و هەروەها مێژووو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گۆڕانکارییەکانی ناوچەو کاردانەوەیان لەسەر کێشەی کورد.

لە بەشێکی دیکەی گفتگۆکەدا، باس لە چۆنیەتیی گەشەپێدانی هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سۆسیال دێموکراتەکانی فینلاندو گرووپی پارلمانیی ئەو حیزبە کرا. لەو بەشەدا بیری پێکهێنانی گرووپی پارلەمانتێرانی دۆستانی کورد، خرایە بەرباس و بڕیارە لە داهاتوودا لەو پێوەندییەدا وتووێژ بکرێ.

### چاوپێکەوتن لەگەڵ دەبیری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی یەکیەتیی چەپەکان

ڕۆژی ١٣ی فێوریەی ٢٠٠٤، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند، سەردانی بنکەی ناوەندی یەکیەتیی چەپەکانی فینلاندی کرد. بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیروڕاو گفتگۆ لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کوردستانی ئێران و شێوەی هاوکاریی کۆمیتەی حیزب لە فینلاندو حیزبی یەکیەتیی چەپەکان. لەو دیدارەدا پێشنیاری پێکهێنانی سمینارێکی هاوبەش بە بەشداریی پارلەمانتێرەکانی یەکیەتیی چەپ لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران خرایە بەرباس و گفتگۆ. لەو کۆبوونەوەیەدا، هەروەها یەکیەتیی چەپەکان داوای لە کۆمیتەی حیزب کرد بەشداریی کۆنگرەکەیان بێ کە لە مانگی مای ئەمساڵدا دەبەسترێ.

ئەندامانی هەیئەتی کۆمیتەی حیزب بریتیبوون لە هاوڕێیان جەهانبەخش خالیدی و مەجید حەقی.

### بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسی ـ تەشکیلاتی لە "تورکۆ"

ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەشەمەی١٣٨٢ی هەتاوی، کۆمتیەی حیزب لە شاری "تۆرکۆ"ی فینلاند سمینارێکی سیاسی ـ تەشکیلاتی بۆ هاوڕێ خالید عەزیزی، بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێك هێنا. لە بەشی یەکەمی سمینارەکەدا بەڕێزیان باسەکەی پێشکەش کردو پاشان وەڵامی پرسیارەکانی بەشداربووانی دایەوە. هەروەها لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب، باسێکی بەپێزی لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ناوچەو کوردستان پێشکەش کردو لە کۆتاییشدا وەڵامی سەرجەم ئەو پرسیارانەی دایەوە کە لەلایەن بەشداربووانی سمینارەکەوە هاتنە گۆڕێ.

## سویس:

### ڕێپێوانی کوردەکان لە وڵاتی سویس

ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/٢١ لەشاری ژنێڤی سویس لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ڕێپێوانێك لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی سویس و حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازە کوردییەکانەوە بەڕێوەچوو. لەو ڕێپێوانەدا کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس بەشدار بوون، بەشداربووان بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ‌کردو بەمەبەستی پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردو داخوازییەکانی کورد، ڕێپێوانەکە لە سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ دەستی پێ کردو لە سەعات چواری پاشنیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.

## نۆروێژ:

### کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنان ـ کۆمیتەی نۆروێژ

ڕۆژی شەممە ٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لقی نۆروێژی ئەو یەکیەتییە، لە ئۆسلۆ کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەڕێوەبرد.

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان خاتوو "پەری" بەرپرسی پێشووی یەکیەتیی ژنان ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە کارو تێکۆشانی ساڵانەی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرد. پاشان بەشداران پرسیارو تێبینی و ڕەخنەکانی خۆیان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە هێنایە گۆڕێ. شایانی باسە کە دوایین بڕگەی کۆنفرانسەکە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێی کۆمیتەی ناوبراو کە ٧ کەس هەڵبژێردران.

## ئاڵمان:

### ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە

ڕۆژی شەممە ٢٥ی ڕێبەندان، بەبۆنەی ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان، پەنجاو هەشتەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان و دۆستان و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، پێك هێنا. سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی کارەساتی تێرۆریستیی ١ی شوباتی هەولێر دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێ سدیق بابایی وتارێکی بەو بۆنەوە پێشکەش کردو لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر چەندین لایەنی پێوەندیدار بە گۆڕانکاری لە ئێران و کوردستان و هەروەها لەگەڵ مەحکوومکردنی کارەساتی تێرۆریستیی ١ی شوبات لە هەولێر، هاوسۆزی و هاودەردیی حیزبەکەمانی بە نیسبەت بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ئەو کارەساتە ڕاگەیاند. لە بەشێکی دیکەداو هەر بەو بۆنەیەوە، دوکتور گوڵموراد مورادی وتارێکی بەپێزی پێشکەش کرد. بەدوای ئەوەدا پەیامی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکان خوێندرانەوە کە بەو بۆنەوە بە دەست کۆمیتەی حیزب ـ ئاڵمان ـ گەیشتبوون.

### ڕێپێوانی کوردەکانی نیشتەجێ لە ئاڵمان

ڕۆژی شەممە ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، ڕێکخراوی "هاوکاری" بۆ پشتیوانیکردن لە بڕیاری پارلمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر داوای فیدراڵی و دژایەتیکردن لەگەڵ دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری هەرێمی کوردستان و عێراق، خۆپیشاندانێکی لەشاری کۆڵن بە بەشداریی هەزاران کەس لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەبرد.

خۆپیشاندەران لە کۆتایی ڕێپێوانەکەداو لە گۆڕەپانی (نۆیە مارکت) "Neue Markt" کۆبوونەوەو لەو پێوەندییەدا چەندین وتارو پەیامی کەسایەتییە کوردستانی و ئورووپاییەکانیان بە دوو زمانی کوردی و ئاڵمانی خوێندەوە. شایانی باسە ڕێکخراوی "هاوکاری" ڕێکخراوێکی کوردستانییە کە لە ١٧ حیزبی سەربە هەموو ناوچەکانی کوردستان پێك هاتووە.

### ئوستڕالیا ـ ئادلاید

ۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٤، هاوڕێیان خالید پەردەدارو محەممەد هاشمی و مەحموود ئەحمەدیان لە شاری ئادلاید چاویان کەوت بە بەڕێز "کریستۆفێر پاین "(Cristopher Pain) ئەندامی پارلمان لە حکوومەتی فیدراڵیی ئوستڕالیا. هاوڕێیان باسی کێشەی کورد بە گشتی و کوردەکانی ئێرانیان بە تایبەتی کرد. هەروەها نامەی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەیان لەمەڕ بێ‌سەرو شوێنی ٦ تێکۆشەری حیزب دایە دەست ناوبراوو لەسەر وەزعی مافی مرۆڤ و ئێعدامی ئەندامانی حیزب ڕونکردنەوەیان بۆ بەڕێز ئەندامی پارلمان کرد. ئەم کۆبوونەوە شوێنی باشی لەسەر ناوبراو دانا.

❊ ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٥، هاوڕێیان زاهید کەریمی و خالید پەردەدارو محەممەد هاشمی و مەحموود ئەحمەدیان لە شاری ئادیلاید چاویان بە بەڕێز "مایکل ئاتکێنسۆن" (Mikle Atkenson) دادوەری گشتیی ئوستڕالیای باشوورو وەزیری چەند فەرهەنگیی ئەم ئەیالەتە کەوت. ئەم کۆبوونەوەیە یەك سەعات و نیوی خایاند. هاوڕێیان بە درێژی باسی خەباتی گەلی کوردو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامییان کرد. هەر لەم دانیشتنەدا هاوڕێیان لەسەر بێ‌سەرو شوێنکردنی ٦ ئەندامی حیزب و ئێعدامی ئەم دواییانەی [تێکۆشەرانی کورد]و کوشتاری خەڵکی‌کوردستان، باسیان بۆ ناوبراو کرد. بەڕێزیشیان بەڵێنی دا کە بێزاریی خۆی لە سیاسەتەکانی ئێران بگەیەنێتە سەفیری ئێران. هەروەها بەڵێنیدا ٢٥٠ ئاڵای کوردستان دروست بکاو لە ڕۆژی نەورۆزدا لەناو کوردەکاندا بڵاوی بکاتەوە.

***

## بریتانیا:

سەعات ١:٣٠ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی مارس، نوێنەری حیزب لە ئینگلستان چاوی بە ئاغای "بۆب سپینگ" ئەندامی پارلمانی ئەو وڵاتە کەوت لە دانیشتنێکی یەك سەعاتەدا، کۆمەڵێك مەسەلەی وەك: باسی کورد لە عێراق، مەسەلەی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێران و هەروەها هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئێران، باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

❊❊❊

## دوو هەواڵ لە خوراسان و تارانەوە

### ئوستانی خوراسان (خاف)

ڕۆژی شەممە ١٣٨٢/١٢/١٢ی هەتاوی، "ڕۆژی عاشوورا" لە شاری "خاف" هەڵکەوتوو لە ئوستانی خوراسان کە ٩٨ لە سەدی حەشیمەتەکەی پەیڕەوانی مەزهەبی سوننەتن، بەهۆی ڕژانی هاونیشتمانانی شیعە لەدەرەوەی ئەو شارەڕا بۆ خاف و بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی عاشوورا و لە خۆپیشاندانی هێندێ حەرەکەت و دانی دورشمی دژ بە مەزهەبی سوننەت، ئاڵۆزیی لەو شارەدا پێك هێنا و پێکهەڵپژران و توندوتیژیی لێ‌کەوتەوە کە لە ئاکامدا ٢٠ کەس بریندار بوون و ١٥٠ کەسیش دەستگیر کران.

### تاران:

### ڕێپێوانێك بەبەشداریی چەندین هەزار لاو لە تاران

شەوی ١٣٨٢/١٢/١٢ی هەتاوی، ژمارەیەکی چەند هەزار کەسی لەلاوانی تاران بەناوی بەرەوپیرچوونی ڕۆژی عاشووراوە، لە شەقامی "میرداماد"ی تاران و بلواری گرێدراو بەو شەقامەوە، کۆبوونەوەو دروشمی دژی ڕێژیم و ڕێبەرانی ڕێژیمیان دووپات کردەوە. هێزەکانی ڕێژیم ڕژانە ئەم شەقامەو موتورسوارەکانی سەربە هێزەکانی ڕێژیمیش، هێرشیان کردە سەر لاوەکان، بەڵام لاوەکان بە بەردباران کردن و بوتری پێ‌دادان بەهێزەکانی ڕێژیمدا تا سەعاتی ٥ی بەیانیی ڕۆژی دواتر، درێژەیان بە خۆپیشاندانی خۆیان دا.

❊❊❊

# خۆرێکی پرشنگدار، بە زمانی ئازادی دەدوێ

**ئاماژە:**

**دەقی بەشی هەرە زۆری وتارە مێژوویییەکەی شەهیدی هەرگیز نەمر ـ کاک دوکتور قاسملوو ـ لە ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧دا، بەبۆنەی دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای "حیزبی دێموکراتی کوردستان" پاش ٣٢ ساڵ خەبات‌و تێکۆشانی نهێنی. ئەم گوتارە خۆی دەدوێ‌و دەیسەلمێنێ کە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ٢٥ ساڵ لەمەوبەر چۆن روانیویەتییە قەیرانە بنەڕەتی‌یەکانی ئێران‌و کوردستان‌و چ بەرنامەیەکی زانستی‌و پێشکەوتنخوازانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە بنەڕەتییانەی کۆمەڵگای بەدەستەوە بووە. بەڵام بەداخەوە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووان لە باتی پێشوازی لەو پلاتفۆرمە پێشکەوتووە، لەشکری تاریکی‌و ستەمیان بەرەو کوردستان بەرێ کرد تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان بزاڤی نەتەوایەتیی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەچۆکدا بێنن.**

**دەقی وتارە مێژووییەکەی کاک دوکتور قاسملوو لە ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧دا:**

**هاونیشتمانان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی، ئەمڕۆ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکا. لەماوەی ساڵانی فەعالییەتی نهێنی‌دا ئەندامانی حیزبی ئێمە، چ فیداکاری‌یەك کە نەیانکردوە؟ چ زەحمەتێك کە نەیانکێشاوە؟ چ تەنگوچەڵەمەیەك کە تووشی نەبوون؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهیدی زۆر داوە، زیندانی زۆری دیوە، ئەندامان‌و لایەنگرانی بەدبەختی‌و کوێرەوەرییان زۆر دیوە، بەڵام حیزبی ئێمە بە پشتیوانیی خەڵك، رێگای خەباتی بەرنەداوە. ئێستاش سەربەرزو دڵنیا لە هێزی خۆی‌و هێزی بێ‌پایانی گەل، بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵك راوەستاوەو پەیمان تازە دەکاتەوە کە لە دوارۆژیشدا بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردو بۆ پتەوکردنی رێژیمێکی دێموکراتی لە ئێراندا لە هیچ تێکۆشان‌و گیانبازی‌یەك نەکشێتەوە. گەلی کورد بەهەق هەر چاوەڕوانی ئەوەیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبی پێشەوا قازی، شەهیدانی چوارچرا، حیزبی شەهیدانی فەیزوڵڵا بەگی، مەلا ئاوارە، برایانی موعینی، شەریفزادە، مەحموودی زەنگەنە، نحۆ، وێردی، حیزبی عەزیزی یووسفی‌و سەدان شەهیدی کرماشان، سنەو سەقزو سەدان زیندانیی قارەمانی هەموو ناوچەکانی کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێکهێنەری کۆماری مەهاباد [کوردستان]، یەکەم حکوومەتی گەلی کورد لە تاریخی نوێی کوردستان دایە. یادی ئەو کۆمارەو سەرکەوتنەکان‌و دەسکەوتەکانی، ئێستاش لە بیروڕای کۆمەڵانی خەڵکدا هەر زیندوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی راپەڕینی چەکداریی ساڵەکانی (٤٧ ـ ٤٦)ـە کە بە سەرکردەیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزب لە ماوەی ٢٥ ساڵ دیکتاتۆریی رەشی حەمەرەزاشادا لە دیفاع لە گەلی کوردو قازانجەکانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی زەحمەتکێشانی کوردستان، درێغی نەکردووەو ئەندامان‌و لایەنگرانی هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەباتدا بوون.

**هاونیشتمانان!**

حیزبی ئێمە لە سەرەتاوە لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێراندا ـ بە رابەرایەتیی ئیمام خومەینی ـ بەشدار بوو، هەموو هێزو ئیمکاناتی خۆی لە پێناوی ئامانجە گشتی‌یەکانی گەلانی ئێران، یانی رووخاندنی رێژیمی شاهەنشاهی، دانا.

ئەوە رێژیمی زۆرداری شاهەنشاهی رووخاوە، شۆڕشی بەرینی خەڵك لە سەرانسەری ئێراندا سەرکەوتووە، کۆمەڵانی خەڵك بە هێزو یەکگرتنی خۆیان بەشێوەیەکی نەدیتراو، لە مێژوودا شۆڕشێکی ئەفسانەیی‌یان بەرپا کردوە، هەربۆیە ئێمەش، ئەمڕۆ دەتوانین لە مەهابادی خۆشەویستدا کە هیچ بنکەیەکی رێژیمی کۆنەپەرستی پێشووی تێدا نەماوە، بە ئازادی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان رابگەیەنین. ئەوە سەرکەوتنێکی گرنگ‌و تاریخی‌یە، دەبێ ریزی بۆ دابنێین‌و بیپارێزین. بەڵام نابێ هۆشیاری‌و وریایی خۆمان لەدەست بدەین. دوژمنانی شۆڕش ـ ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی ـ بەتەواوی سەریان دانەنواندوەو بەتەواوی تەسلیم نەبوون. زۆر هێزی وەفادار بە رێژیمی "شا" لە ناوچەکانی کوردستان‌و سەرانسەری ئێراندا ماون کە دەبێ تەفروتوونا بکرێن. هەموو پێکەوە، دەبێ تێبکۆشین جارێکی دیکە رێژیمی شاو هەرچەشنە ئیستبدادێکی دیکە زیندوو نەبێتەوە.

پاراستنی ئازادییە دێموکراتی‌یەکان‌و دابینکردنی رێژیمێکی دێموکراتی راستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا، زامنی ئەسڵی بەرەوپێش‌چوونی شۆڕش‌و بەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوایەتیی گەلەکەمانە. بێ رێژیمێکی دێموکراتیی راستەقینە مافی گەلی کورد بە تەواوی دابین ناکرێ‌و بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد رێژیمێکی دێموکراتی تا سەر

> **حیزبی ئێمە، هەموو ئەو هێزە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییانە کە لە کوردستانی ئێراندا دژی ئێمە راناوەستن‌و دوژمنایەتیمان لەگەڵ ناکەن، بە دۆستی خۆی دەزانێ. سیاسەتی ئێمە ئەوە نیە کە هەرکەس دۆستمان نەبێ، دوژمنمانە، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە هەرکەس دوژمنمان نەبێ، دۆستمانە.**

پێک نایە، گەلی کورد هەروەها کە چالاکانە لە شۆڕشی ئێراندا بەشدار بووە، ئێستاش بۆ قووڵترکردنی ئەو شۆڕشەو بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش ئامادەیە، گەلی کورد چاوەڕوانی ئەوەیە کە رێبەری شۆڕش، ئیمام خومەینی بە ئاشکرا دیفاع لە مافی نەتەوایەتیی هەموو گەلانی ئێران بکا، مافی نەتەوایەتی هەروەك مافی ئازادی، مافێکی ئینسانیی هەرە بنەڕەتی‌یە. شۆڕشی ئێران کە بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافەکانی ئینسانیی هەموو خەڵکی ئێران بەرپا بووە، زۆر مەنتقی‌و پێویستە کە مافی گەلانی ئێران لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا، بەڕەسمی بناسێ. بۆیە پێویستە کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی مەهدی بازرگان، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێك لە گیروگرفتەکانی هەرە ئەساسیی شۆڕشە، بە ئاشکراو بێوچان رابگەیەنێ.

گەلی کورد وەك هەموو گەلانی ئێران هەقی هەیە بە رەسمی پێی بگوترێ کە ستەمی نەتەوایەتیی میراتی شوومی رێژیمی کۆنەپەرستی شایە، لەنێو دەچێ‌و شوێنەواری نامێنێ. دەبێ نوێنەرانی گەلی کورد لە "مەجلیسی موئەسیسان" لە دانانی قانوونی ئەساسیی تازەی ئێراندا بەشدار بن تا بتوانن مافی رەوای گەلانی ئێران‌و گەلی کورد لەم قانوونەدا بگونجێنن. تاوانبارکردنی گەلی کورد بە جیاوازیخوازی، تەجزیەتەڵەبی، گۆرانی‌یەکی کۆنە، هەروەخت گەلی کورد داوای مافی خوراوی کردوە، ئەم تاوانەیان پێ بەستوە. ئێمە لە کاتێکدا کە ئەم تاوانە بە تەوتەئەی دوژمنانی شۆڕش دەزانین‌و بە تەواوی رەتی دەکەینەوە، رادەگەیەنین کە لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا، هیچ هێزێکی سیاسی، جیاوازیخوازو تەجزیەتەڵەب نیە. کورد بە تێکڕا داوای مافی نەتەوایەتیی خۆی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکا. ئەگەر دوژمنانی شۆڕشی ئێران‌و گەلی کورد، پێیان وایە کە بە سازکردنی تاوانی جیاوازیخوازی‌و تەجزیەتەڵەبی، دەتوانن گەلی کورد ناچار بکەن، حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە بگرێ‌و داوای مافی رەوای خۆی نەکا، زۆر بەهەڵەدا چوون. ئێمە مافی دانانی چارەنووسی خۆمان، حەقی تەعینی سەرنووشتی خۆمان دەوێ‌و بۆ ئەم مافە بە هەموو هێزمانەوە تێدەکۆشین.

دەمانەوێ لەم میتینگە گەورەیەدا، رابگەیەنین کە هەروەها بە درێژایی مێژوو، گەلی کورد نیشانی داوە، ئێستاش شانبەشانی گەلانی دیکەی ئێران پارێزەری سنوورەکانی ئێران‌و ئازادی‌و سەربەخۆیی ئێرانەو بەرامبەر بە هەموو دەست درێژی‌یەك، لە هەموو لایەکەوەو بە هەموو هێزەوە بەربەرەکانێ دەکا.

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە لە کۆمەڵی ئەمڕۆی کوردەواری‌دا، ئیمکانی ئەوە هەیە یەکیەتی‌یەکی نەدیتراو پتەو لە نێوان هەموو چین‌و توێژەکانی گەل: کرێکاران، جووتیاران، رووناکبیران، بازاڕیان‌و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکاندا پێك بێ. یەکیەتیی ئەمانەو تێکۆشانیان لە پێناوی داخوازە رەواکانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی هەموو دانیشتوانی کوردستان، هێزێکی ئەوتۆیە کە هەموو کەس دەبێ حیسابی لەگەڵ بکا. حیزبی ئێمە، هەموو ئەو هێزە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییانە کە لە کوردستانی ئێراندا دژی ئێمە راناوەستن‌و دوژمنایەتیمان لەگەڵ ناکەن، بە دۆستی خۆی دەزانێ. سیاسەتی ئێمە ئەوە نیە کە هەرکەس دۆستمان نەبێ، دوژمنمانە، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە هەرکەس دوژمنمان نەبێ، دۆستمانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیەو ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ هەموو حیزب‌و دەستەیەکی سیاسی لە سەرانسەری ئێران‌و لە ناوچەی کوردستاندا بکا. ئێمە لە کانگای دڵەوە دەڵێین کە زۆر نوختەی هاوبەش هەیە کە لەسەریان دەتوانین لەگەڵ هەموو هێزەکانی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتوو، هاوکاری بکەین:

**ـ جمهووریی دێموکراتی لە ئێراندا**

**ـ دابینکردنی مافی خودموختاریی هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتدا**

**ـ دابینکردنی ئازادییە دێموکراتی‌یەکان بۆ هەموو حیزب‌و دەستەیەکی سیاسی ـ نیشتمانی، بەبێ جیاوازی**

**ـ دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری بۆ پاراستنی قازانجی خەڵك‌و بەرزکردنەوەی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان**

**ـ چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژارو مام ناوەندی (متوسط)، زەوی دەبێ بدرێ بەو کەسە کە دەی‌کێڵێ**

**ـ مەحدوودکردنی سەعاتی کاری کرێکاران‌و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکاران‌و زەحمەتکێشان**

**ـ لەنێوبردنی نەخوێندەواری‌و بەرزکردنی پایەی فەرهەنگی‌و زانستیی گەلانی ئێران لەسەر بناغەی پەرەپێدانی زمانی زگماکیی هەموو نەتەوەیەك**

**ـ هاودەردی‌و لایەنگریی هەموو جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازی‌و پشتگیریکردنی مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان، بە دەستی خۆیان**

**ـ دامەزرانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو وڵاتێك لەسەر ئەساسی رێزگرتنی یەکترو ناسینی حاکمییەتی نەتەوایەتی‌و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوەوەی یەکترو پێکهێنانی پەیوەندیی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دژی ئیمپریالیستی‌و سوسیالیستی**

**هاونیشتمانان!**

ئێستا کە لە ئێراندا هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕی پێك هاتووە، پێمان خۆشە رابگەیەنین کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕی مەرکەزی، نابێ هەوڵ بدا ژاندارمری‌و شارەبانی بەشێوەی پێشوو لە کوردستان‌و لە سەرانسەری ئێراندا زیندوو بکاتەوە. ئیدارەو هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوخۆی کوردستان دەبێ بەدەست خەڵکی کوردستانەوە بێ‌و هێزی ئیجرایی ناوەوە، دەبێ پەیڕەوی لە شووراکانی ئینقلابی بکا کە لە شارو دێ پێك هاتوون.

لەسەر ئەرتەش نەزەرمان ئەوەیە؛ کە ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی دەبێ هەڵوەشێ‌و لە جێگای ئەو دەبێ ئەرتەشێکی گەلی کە برای خەڵك بێ، تەنیا ئەرکی دیفاع لە سنوورەکان بێ، دابمەزرێ. لە دوارۆژدا نابێ رێگا بدرێ ئەرتەش دەستدرێژی بۆ سەر خەڵك بکاو ببێ بە گۆپاڵی دەستی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی خەڵك. کوردستانی ئێران دەبێ لە حاڵەتی ناوچەی میلیتاریزەی نیزامی‌کراو بێتە دەرو ئەو پادگانانە کە بۆ دیفاع پێویستن دەبێ نزیك سنوور بن نە لە نێو شارەکانی کوردستاندا.

**خوشك‌و برایانی بەڕێز!**

شۆڕشی ئێران هەتا ئێستا هەنگاوێکی گەورەی هەڵهێناوە، بەڵام رێگایەکی دووریشی لە بەرە. بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی تازە بەدەست بێنین، یەکیەتی‌و خۆرێکخستنمان پێویستە. نابێ رێگا بدەین دوژمن لەنێوماندا رەخنە بکاو دووبەرەکی‌و ناکۆکی پێك بێنێ. نابێ رێگا بدەین هیچ چین‌و توێژێکی نیشتمانیی دیکە، عەشیرەتێك دژی عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێت. نابێ رێگا بدەین دەستەو حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستەو حیزبێکی سیاسی‌و پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی ببین‌و تەمرینی دێموکراسی بکەین.

> **کوردستان هەروەك هەموو ئێران، پاوانی هیچ حیزبێك‌و دەستەیەکی سیاسیی تایبەت نیە. با هەموومان بیروڕاو بەرنامەی خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵك‌و، خەڵك ئازادانە رێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ. هەرچەشنە تیرۆری فکری دەبێ لەنێو بچێ‌و هیچ کەس لەبەر بیروباوەڕی خۆی، نابێ بخرێتە ژێر فشار.**

کوردستان هەروەك هەموو ئێران، [لە] پاوانی هیچ حیزبێك‌و دەستەیەکی سیاسیی تایبەت نیە. با هەموومان بیروڕاو بەرنامەی خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵك‌و، خەڵك ئازادانە رێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ. هەرچەشنە تیرۆری فکری دەبێ لەنێو بچێ‌و هیچ کەس لەبەر بیروباوەڕی خۆی، نابێ بخرێتە ژێر فشار.

لەسەر دۆستان‌و لایەنگران‌و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە بیروڕاو بەرنامەو داخوازەکانی حیزبی ئێمە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەشێوەیەکی دێموکراتی بڵاو بکەنەوەو پشتیوانیی ئەوان بۆلای حیزب رابکێشن. لەسەر ئەندامان‌و کادرەکانی حیزبی ئێمەیە کە بەهەموو هێزیانەوە بۆ بووژاندنەوەو دامەزراندنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی تێبکۆشن‌و هەرگیز نابێ لە بیریان بچێ کە "رێکخراو، چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە". ئەو چەکەمان پێ بێ، هەموو قەڵاتێکمان پێ دەگیرێ.

**هاونیشتمانان، هاوڕێیان، میوانانی خۆشەویست!**

جارێکی دیکە بەخێرهاتن‌و پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەم، هیوام ئەوەیە کە گەلی کورد بە تێکۆشانی هەموو رۆڵە بەشەرەفەکانی‌یەوە، هەر بیروباوەڕێکیان هەبێ، شانبەشانی گەلانی دیکەی ئێران لەم خەباتە مێژوویی‌یەدا سەرکەوێ، با بەرهەمی خەباتی شێلگیرو یەکگرتووی ئێمە جمهووری‌یەکی دێموکراتیی راستەقینە بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران بێ.

**بژی شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران**

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە رێگای دێموکراسی‌و سەربەخۆیی‌دا**

**سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد لە رێگای خودموختاریی کوردستاندا**

**سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد**

***



میتینگی مەهاباد

## بەرەو شێستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ

# دیسان خولانەوە لە بازنەیەکی داخراودا یا. . .؟

**قادر وریا**

لە ڕۆژانی ١٥ی مارس تا ٢٣ی ئاوریلی ئەمساڵدا شێستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف بەڕێوە دەچێو کارنامەی یەکساڵەی دەوڵەتانی جیهان لە بواری مافی مرۆڤدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش یەك لەوانە، دەخرێتە بەرباسو دەنگی بۆ دەدرێ.

پێشبینیی جۆری قەزاوەتو دەنگدانی شێستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە بارەی کارنامەی یەکساڵەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران شتێکی زۆر دژوار نیە. ئەگەر بەراستی بناغەی قەزاوەتو دەنگدانی بەشدارانو ئەندامانی ئەو کۆبوونەوەیە، کردەوەو ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ مافو ئازادییە ئینسانییەکانی خەڵکی ئێراندا بێو، بەمەرجێك جارێکی دیکە نوێنەرانی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان بەرژەوەندی سیاسیو ئابووریی دەوڵەتەکانی خۆیان لە سەرووی ئەو مافو ئازادییانە دانەنێن، دەبێ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ جارێکی دیکە بکەوێتە بەر ڕەخنەو بەتوندی مەحکووم بکرێ.

دەسەڵاتدارانی ئێران لە ڕاستیدا هیچ بیانوویەکیان بۆ ئەو کەسانەی کارنامەی مافی مرۆڤی ئەو ڕێژیمە هەڵ دەسەنگێنن نەهێشتۆتەوە تا لە پەنا ئەودا، خۆیان لە مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی ببوێرن. چونکە:

**یەکەم، ئەزموونی پێکهێنانی ریفۆرمو ئاڵوگۆڕ پێکهێنان بە قازانجی مافو ئازادییەکان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، لەگەڵ شکست بەرەوروو بووە.**

ساڵی ٢٠٠٢، کاتێك کارنامەی ساڵانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بواری مافی مرۆڤدا لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کەوتە بەرباس، نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان بەو ناوە کە ڕیفۆرمخوازان ـ کە هەر دوو دەسەڵاتی قانووندانانو بەڕێوەبەرییان بەدەستەوەیە ـ هەلومەرجو دەرەتانێکی تازەیان بە قازانجی مافی مرۆڤ هێناوەتەوە کایە، دەنگیان بە بڕیارنامەی مەحکووم کردنی ئەو ڕێژیمە نەدا. ئەوان دروشمو قسە بە ڕواڵەت جوانو حەکیمانەو مەنتیقییەکانی سەرکۆماری ڕێژیم کە لە نێوخۆی ئێران هیچ برەوێکیان نەبوو نەتیا بۆ مەسرەفی دەرەوە بوون، هەروەها ئەو گەلاڵەو هەنگاوە باشانەی نوێنەرانی ریفۆرمخواز لە مەجلیسدا بە مەبەستی باشتر کردنی مافو ئازادییەکانی هاونیشتمانان لێی دەدوان، وەك بەڵگەیەك بۆ خۆپەڕاندنەوە لە مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی بە کار دێنا. بە پێی ئیستیدلالو لێکدانەوەی ئەو نوێنەرانی ئەو جۆرە دەوڵەتانە، ئێرانی سەردەمی خاتەمیو مەجلیسی ئیسلاح تەڵەبان، ئەگەرچی لەگەڵ کارشکێنیو کەندو کۆسپ داتاشینی پاوانخوازانو کۆنەپارێزان بەرەوروو بوو، بەڵام لەسەر یەك بەرەو بایخدان بە مافەکانی مرۆڤو گوێگرتن لە ڕەخنەو نارەزایەتیی کۆڕو کۆمەڵەو ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەچوو. دیارە ئەوانەی بەو ناوە خۆیان لە مەحکووم کردنی ڕێژیمی ئێران بوارد، بناغەی ئیستیدلالەکەیان زۆر لەرزۆك بوو. چونکە ئەگەر بەڕاستی مەبەستیان ئەوە بوایە کۆنەپارێزو ریفۆرمخواز بە یەك دار لێنەخوڕنو تەڕو وشك پێکەوە نەسووتێنن، دەیانتوانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێل کردنی مافو ئازادییە ئینسانییەکان مەحکووم بکەن بەبێ ئەوەی مەجلیس، یا هەر نیهادێکی دیکە کە لەو نێوەدا تاوانێکی نیە، تێوەبگلێنن. بەڵام موخالیفانی مەحکووم کردنی ئەو ڕێژیمە، بەشێکیان بەو هۆیەوە کە کارنامەی خۆیان لە بواری مافی مرۆڤدا لە هی کۆماری ئیسلامی باشتر نیەو وەك ئەو ڕێژیمە بە بیانووی جۆراوجۆر ئەو مافانە پێشێل دەکەن، بەو بیانوویەی لە سەرەوەدا باسمان کرد، دەنگیان بە مەحکوومکردنی نەدا. بەشەکەی دیکەش کە زۆرتر وڵاتانی ئوروپایی بوون، هەر بەو بیانوویە بەڵام لە ڕاستیدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندە ئابووریو بازرگانییەکانیان، ئاوێکی ساردیان بە دەستی خەڵکی ئێراندا کردو خۆیان شەرمەزاری هەموو ویژدانێکی مرۆڤدۆست کرد.

بەڵام ئێستا کۆتایی تاڵی تەمەنی مەجلیسی ریفۆرمخوازانو، دەرکەوتنی مەودای دووری نێوان دروشمو وتە بە ڕواڵەت جوانو دنیاپەسندەکانی خاتەمیو هەڵوێستو کردەوە ترسنۆکەکانی لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە، زاڵبوونەوەی پاوانخوازانو کۆنەپارێزان بەسەر مەجلیسدا، بیانووی دڵخۆشکردن بە ئاڵوگۆڕ لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا لە دەوڵەتانی جیهان ستاندۆتەوە.

**دووهەم، لە حاڵێکدا هیچ نیشانەیەك لە باشبوونی کردەوەو هەڵوێستو ڕەفتاری ڕێژیم لە بواری مافی مرۆڤدا دەرنەکەوتوە، هەموو ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان لە خزمەت گێڕانەوەی وەزعەکە بەرەودواوە دان.**

ئەگەر ئەندامانی شێستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ هیچ ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوەیەکیش کە سەرچاوەکەیان ڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسیو مرۆڤدۆستەکانی ئێران بن، نەکەن بە بناغەی دادوەریی خۆیانو، تەنیا لەسەر بناغەی ڕاپۆرتی لێکۆڵەری کۆمیسیۆنی تایبەتیی مافی مرۆڤ، دەنگ بە کارنامەی ڕێژیمی ئێران بدەن، لە مەحکووم کردنی ئەو ڕێژیمە زیاتر، ڕێگایەکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. ڕاپۆرتی "ئامبنی لیگابو" کە بەرهەمی سەفەرێکی کورتی ناوبراوو ٣ هاوڕێی دیکەی بۆ ئێران لە چوار تا ١٠ی نوامبری ٢٠٠٣یە، لەگەڵ ئەوەی گۆشەیەکی زۆر بچووك لە ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە کارنامەی مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی دەرخستوە، دیسان نیشاندەری ئەوەیە هیچ باشبوونێك بە قازانجی ئازادیو مافی مرۆڤ لە گۆڕێدا نیەو وەزعەکە بەرەو خراپتر بوونیش دەچێ. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی "لیگابۆ" دا هاتوە:




**"لەچەند ساڵی ڕابردوودا وەزعی ئازادیی بیرکردنەوەو بیروڕادەربڕین خراپتر بووە. ژمارەی ڕۆژنامە داخراوەکانو کەسانێك کە سەبارەت بە دەربڕینی بیروڕای خۆیان بە شێوەی ئاشتیخوازانە، گیراونو بە مردن مەحکووم کراون، ئەوە دەسەلمێنێ". ڕاپۆرتی "لیگابۆ"** بەدروستی قامکی لەسەر کۆسپەکانی سەر ڕێگای باشتر بوونی وەزعی مافی مرۆڤ داناوە. چونکە بە خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتە بۆ هەر کەسێك دەردەکەوێ کە دەسەڵات لە ئێراندا لەسەر دەستی ڕێبەر، نیهادە خۆسەپێنەکانی وەك شووڕای نیگابان، دەزگای قەزاییو کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام دایەو ئەو نیهادانە دەتوانن لەسەر ڕێی کاری نیهادە هەڵبژێردراوەکان بن بە کۆسپ.

هەر وەبیر هێنانەوەیەکی سەر پێیی سەردێری هەواڵو ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردووی ئێرانیش بۆ هیچ پارێزەرو داکۆکیکەری ڕاستەقینەی مافی مرۆڤ گومانێك ناهێڵێتەوە کە ڕێژیمی ئێران لە ڕیزی پێشەوەی ڕێژیمە دژی ئینسانییەکانی ئەمڕۆی جیهان دایە. درێژەو پەرەگرتنی داخستنی ڕۆژنامەکان، فیلتێردانان لەسەر ماڵپەڕە ئینتێرنێتییەکان، لە زیندان هێشتنەوەی تێکۆشەرانی سیاسیو ڕووناکبیرانی ناڕازیو ئازادیخوازو ڕاپێچ کردنی ژمارەیەکی زیاتر لەوان بۆ بەندیخانەکان، ئێعدامی خەباتگێرانی کورد، سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاریو حەرەکەتە کرێکارییەکان، کوشتنی لەخۆوەی خەڵکی زەحمەتکێشو کاسپکار، ڕووداوی کوشتنی زارای کازمی هەواڵنووسی ئێرانیی دانیشتووی کانادا ئەویش بە هۆی کەسێکەوە کە خۆی لە "قازی"یە هەرە ناسراوەکانەو، لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە، ئەو بەناو هەڵبژاردنە ئابڕووبەرانەیە کە لەم دواییانەدا بەڕێوە چوو، بە باشی پەردە لەسەر ڕوخساری دژی ئینسانیی ئەو ڕێژیمە لادەدەن. ئەوانەی دەنگ بە کارنامەی مافی مرۆڤی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەدەن، ئەگەر لە چاوی ئەو نوێنەرانەوە کە زۆرایەتیی مەجلیسی شووڕای ئیسلامییان پێك هێنابوو، سەیری کارنامەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە بکەن، قسەکانیان جگە لە ڕاگەیاندنی ناهومێدیی خۆیان لە باشبوونی وەزعی مافی مرۆڤ لە سێبەری سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی ئێستای ئێراندا نابێ.

**سێهەم، کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە بوارەکانی دیکەشدا ئامادەی ملکەچ کردن بۆ ئیرادەی نێونەتەوەیی بێ، لە بواری دێمۆکراسیو مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێراندا، ئامادەی پاشەکشە نیە.**

دەوڵەتانی ئوروپایی لەمێژساڵە ئیددیعا دەکەن کە بناغەی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لەسەر سیاسەتی بە وتەی خۆیان "دیالۆگی ڕەخنەگرانە" دامەزراندوە.

ئەوان لەسەردەمێکدا کە ڕەفسەنجانی سەرکۆماری ڕێژیم بوو، چاویان لە کردەوە تیرۆریستییەکانو نێوڕۆکی دژی ئینسانیی ئەو ڕێژیمە دەنووقاندو "پراگماتیست"بوونی ناوبراویان دەکردە بیانوویەك بۆ ئەوەی پێوەندیی سیاسیو بازرگانیی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، پەرە پێبدەن. ئیددیعاشیان دەکرد کە لە تەنیشت ئەو پێوەندییانەیاندا ڕەخنە لە پێشێل کردنی ئازادیو مافی مرۆڤ لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە دەگرن. بەڵام ئەو "دیالۆگە ڕەخنە گرانەیە"ی ئەوان کەمترین ئاڵوگۆڕی لە ماهییەتو کردەوەو ڕەفتاری دژی ئینسانیی ڕێژیمدا پێك نەهێنا. دوای هاتنە سەرکاری خاتەمیو چوونی ریفۆرمخوازان بۆ نێو مەجلیسیش، بیانوویەکی تازەیان بۆ درێژەی سیاسەتە ناسراوەکەیان دەست کەوت. بەڵام وەك بەکردەوە دەبینین تا ئێستاش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هیچ بایەخێکی بۆ ئەو ڕەخنانەدانەناوە کە لە لایەن دەوڵەتە ئوروپاییەکانەوە لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی مافو ئازادییەکانی خەڵکی ئێراندا لێی گیراون. ئەگەر لە مەسەلەیەکی گرنگی وەك دامەزراوە ئەتۆمییەکانیشیدا، سەرئەنجام ئامادە بوو مل بۆ ئیرادەی نێونەتەوەیی ڕابکێشێو بە هاندانی دەوڵەتانی ئوروپایی (بەتایبەتی ئاڵمان، فەرانسە، ئینگلیستان) بە ڕواڵەت هاوکاریی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بکا، یەکەم: ئەم هاوکارییەی بەراستی نیە، دەیەوێ کاتی پێبکوژێو بە درکاندنی لانی کەمی ڕاستییەکان، لە ئاستی نێونەتەوەییدا جێپێیەك بۆ خۆی بێڵێتەوە. دووهەم: دەزانێ کە ئەمریکاو هەموو ئەو دەوڵەتانەی نیگەرانی ئەمنییەتی خۆیانو دۆستانو هاوپەیمانەکانیانن، مەترسیی دەست ڕاگەیشتنی ڕێژیمێکی وەك کۆماری ئیسلامییان بە جیددی گرتووەو ئەگەر لاساری بکاو ئامادەی هیچ هاوکارییەك لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی نەبێ، لەگەڵ هەڵوێستو دژکردەوەی توندی ئەوان بەرەو ڕوو دەبێ.

بەڵام ڕاست لەو هەلومەرجەدا کە بەڕواڵەت بۆ هاوکاری لە بواری لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانیدا ئامادەیە، بە ڕاشکاوییەکی زیاتر لە هەمیشە پەلامار دەباتە سەر مافو ئازادییەکانی خەڵكو، سەرەتاییترین مافی ئەوان کە مافی هەڵبژاردنو هەڵبژێرانە، زەوت دەکاو لە زمانی ڕێبەرەکەشییەوە، ڕادەگەیەنێ کە ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییەو واباشە ئوروپاییەکان زۆری لەسەر نەڕۆن، ئەگینا لە دەمیان دەدەین. چونکە بەکردەوە بۆیان دەرکەوتوە کە وڵاتانی ئوروپایی لەسەر پێشێل کردنی مافو ئازادییەکان، ئامادە نین هەڵوێستێکی لێبڕاوانە بەرامبەر بەو ڕێژیمە بگرن.

بەو هۆیانەی باس کرا، مەحکووم کردنەوەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کارنامەی ڕەشی لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤدا، کەمترین چاوەڕوانیی خەڵکی ئێران لە شێستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤە. ئەگەر ئەو چاوەڕوانییە بێتە دی ـ کە هەق وایەو هیوادارین واشبێ ـ ئەوکات دەبێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی جارێك بۆ هەمیشە وەڵامێك بەو پرسیارە بدەنەوە کە مەحکوومکردنی ڕێژیمێك لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بۆ چەندەمین جار، بەبێ هەڵگرتنی هەنگاوی تازەو کاریگەر لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە چ ئاکامێکی دەبێ؟ ئەگەر شانبەشانی لەقاودانو مەحکووم کردنی نێوەرۆکی دژ بە ئازادیو مافی مرۆڤی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئەو ڕێژیمە بە جۆرێك نەخرێتە تەنگانە کە ڕێز لە ئازادیو مافی مرۆڤ بگرێ، خەڵکی ئێران بە کردەوە چیان لەم جۆرە کۆبوونەوانە دەست دەکەوێ؟

بە کورتی ئێستا نۆرەی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە کە نیشانی بدا چلۆن بەرەورووی ڕێژیمێك دەبێتەوە کە هەموو ڕێگاکانی گەیشتنی خەڵك بە سەرەتاییترین مافو ئازادییەکانی لێ داخستوونو، بە چ شێوەیەك پشتیوانی لە خەڵکێك دەکا کە لەبەرچاوی بەمۆڵەق وەستاوی جیهانو بۆ ماوەی چارەکە چەرخێك، بەردەوام شاهیدی سووکایەتی بە کەرامەتی خۆیانو سەرکوتو زەوتکرانی هەموو ئازادیو مافێکیانن؟

❊❊❊

## خۆپێشاندانی خەڵکی بانە
## دژی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیم

درێژەی لاپەڕە ١

خەڵکی بێزاری بانە پاش ئەوەی گوێ بە داواکەیان نەدرا پەلاماریان بردە سەر ساختومانی فەرمانداریو دەرگاو پەنجەرەی فەرماندارییان شکاند. هێزە بە ناو ئینتیزامییەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتو بڵاوە پێکردنی خەڵك وەخۆ کەوتنو تەقەیان کرد. بەهۆی هێرشو دەسڕێژی هێزە سەرکوتکەرەکان ژمارەیەك لە خەڵك بریندار بوونو ژمارەیەکیش گیران کە ژمارەی ڕوونیان تا ئێستا نەزانراوە.

خوسرەوی عەبدوڵڵایی نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێك لەگەڵ ڕادیۆ "فردا"دا لەبارەی هۆی کوژرانی ئەو کاسبکارەوەو ڕەفتاری هێزەکانی ڕێژیم گوتی: "لە کوردستان بە داخەوە بێقانوونییەکی تەواو زاڵە. ئەو خەڵکەی بە مەبەستی کارو کاسپی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەچن بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان (ی ئێرانو عێراق)، لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەگیرێن، ڕووت دەکرێن، تەقەیان لێ دەکرێو دەکوژرێن. بەڵام هیچ کاربەدەستێکی ڕێژیم لەو جینایەتانە ناپرسێتەوەو لە بەرامبەریدا وەڵامدەر نین".

پێویستە بگوترێ ڕۆژەکانی دوای خۆپێشاندانیش ڕێژیم هێزێکی زۆری نیزامیو چەکداری بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر ناڕەزایەتی دەربڕینێکی خەڵك لەنێو شاردا جێگیر کردبوو و وەزعەکە ئاسایی نەببۆوە.

# دەرئەنجامی پاشگەزبوونەوە لە دروشمەکان

**سوارە کوردی**

شۆڕشی پیرۆزی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا کە لەلایەن تاقمێکی پاوانخوازی مەزهەبی ـ ئایدیۆلۆژیک دەستی بەسەردا گیراو بەلاڕێدا بردرا، ئێستا تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەڕیوەو گەلانی ئێران شاهیدی گۆڕانی دەیان هەڵوێستو دروشمی کاربەدەستانی حکوومەتی ویلایەتی فەقیه بوون کە بە داخەوە نزیک بە یەک میلیۆن کەسی ئەم وڵاتە ـ کە فریوی ئەم دروشمانەیان خواردبوو ـ گیانیان لە پێناویان داناوە.

ئەم نووسراوەیە وەشوێن چۆنیەتی فریوخواردنی ئەو کەسانە ناکەوێ، کە چۆن پاوانخوازانی تازەپێگەیشتوو توانیان بۆلای دروشمەکانیان رایانبکێشن. پێویستە لە وتارێکی تایبەتدا ئەم بابەتە بخرێتە بەرباس.

ئەوەی راستی بێ حکوومەت، زۆر بە سانایی تا ئەو سەردەمەی پێویستی بەم دروشمانە بووە، بەرزی کردونەتەوەو ئەو وەختەش کە ناچار بووە دەستیان لێ هەڵگرێ یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێنێ، ئەم کارەی بە بێ هیچ ترسێک لە کۆمەڵانی خەڵک کردوە. لە دێڕەکانی خوارەوەدا بەخێرایی سووکە ئاوڕێک لەم دروشمانە دەدەینەوە کە لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە.

هەر لە سەرەتاوە پاوانخوازانی کۆماری ئیسلامی وەک زۆرێک لە حکوومەتە پۆپۆلیستی‌یەکان، جلی ئەم شێوە رێژیمانەیان لەبەر کردو ئەم ستراتیژییانەشیان خستە ناو دەستووری بنەڕەتیی وڵات:

پشتیوانی (بەرواڵەت) لە مافی هەموو موسوڵمانان، بە واتایەکی‌تر بە جیهانی‌کردنی حکوومەتی شیعەی کۆماری ئیسلامی (صدور انقلاب، ئەسڵی ١٥٢ی دەستووری بنەڕەتی)

پچڕاندنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی موستەکبیر (ئەسڵی ١٥٣ی دەستووری بنەڕەتی)

لایەنگری لە خەباتی حەقخوازانەی موستەزعەفانی دنیا لە هەمبەر موستەکبیراندا (ئەسڵی ١٥٤ی دەستووری بنەڕەتی)

دروشمگەلی وەک: "نە شرقی، نە غربی، جمهووری اسلامی"، "مرگ بر آمریکا، مرگ بر انگلیس، مرگ بر اسرائیل و مرگ بر. . ."یان لە سەرووی بەرنامەکانیان دانا، لە تەواوی رێپێوانەکاندا خەڵکی ئاساییان ناچار دەکرد ئەم دروشمانە دووپات کەنەوە. هەروەها بە پێویستیان زانی لە قوتابخانەکان، قوتابیان گشت رۆژێک بەر لە چوونە پۆلو دەستپێکردنی وانە، بە دەنگی بەرز مەرگ بۆ ئەمریکاو مەرگ بۆ. . . بڵێنەوە. هەروەها بە کردەوەش، رێژیم لەگەڵ رووداوە بەرەوڕووەکاندا هەڵوێستی تایبەت بەخۆی هەبووو ئەم دروشمانەشی بەرز کردبۆوە:

لە کاتی شەڕ لەگەڵ عێراقدا، لە سەدان هەزار شوێنی ئێران نووسرابوو: "مرگ بر صدام یزید کافر، جنگ جنگ تا پیروزی، راه قدس از کربلا می‌گذرد و . . ." کە خۆیان هەڵگری هێندێک مانای تایبەتی بوونو چۆنیەتی رەفتاری کاربەدەستانی رێژیمی بۆ بەکوشتدانی خەڵک نیشان دەدا.

لە قەیرانی سازکراودا، لە پێوەندی لەگەڵ عەرەبستانی سەعوودی‌دا، دەیانگوت ئێمە ئەگەر لەگەڵ ئەمریکاش پێک بێینەوە، لەگەڵ عەرەبستان ئاشت نابینەوە.

وڵاتی میسر، "شا"ی پێشووی ئێرانی وەک پەنابەر قەبووڵ کردبوو، رێژیم

هەر لە یەکەم رۆژەکانەوە دروشمی دژ بەم وڵاتەشی بەرز کردبۆوەو بەکردەوەش یەکێک لە شەقامەکانی تارانی بەناوی "خالید ئیسلامبۆلی" کردو. . . هەر لە سەرەتاوە شێوەی دەسەڵاتداریی پاوانخوازان، وڵاتی ئێرانی وەک دوڕگەیەکی تەریک لە جیهان لێ‌کردبوو کە گوایە هیچ پێویستی‌یەکیان بە وڵاتانی‌تر نیەو لە داهاتووش‌دا نایانبێ. هەر لە هەوەڵەوە پاوانخوازان وایان نیشان داوە کە گەلانی جیهان نافامنو ئەوە رێژیمی تازەپێگەیشتووی ئێرانە دەتوانێ "مدینةالفاضلة" وەک خەڵات پێشکێشی نەتەوەکانی‌تر بکا.

لەوبەری دوڕگەی کۆماری ئیسلامی، بە جیهانیبوون لە هەناوی خۆیدا سێ گۆشەیەکی لێک بەستراوەی ئابووری، رامیاریو فەرهەنگیی بەرهەم هێناوە کە مەنتیقە سەرەکی‌یەکەی لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی‌دا "تاکخوازی"ی پۆزەتیڤو گەشەسەندنی ئازادیی تاکە کەسییە.



سەرەتا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو لە دنیای ئەمڕۆدا ـ بەبێ بە یەکەوە لکاندنی ئەم سێ گۆشەیەی ئاماژەمان پێ کردو ـ بەبێ بەشداریی گەلانی‌ترو پێوەندی لەگەڵ حکوومەتەکانیان دەتوانن سەربەخۆییان مسۆگەر بکەن. بەڵام واقیعەکانی ژیان، لە دنیای ئێستادا، تووشی سەرلێشێواوی کردوون. بۆ وێنە:

مەرگ بۆ فلان وڵات دەڵێنو هەر لە هەمان کاتیش‌دا ناچارن لە بواری ئابووری لەگەڵیان لەپێوەندی‌دا بن. (بۆ نموونە: وەرگرتنی وام لە بانکەکانی جیهانی، کڕینی کەرەستەی ئەمریکایی بەشێوەی ناڕاستەوخۆو. . .) شێوە ژیانێکی تایبەتییان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە. ـ ئەم شێوە ژیانە لە قوتابخانەکان بە دەرس دەگوترێتەوەو لە میدیاکانیش‌دا پڕوپاگەندەی بۆ بڵاو دەکرێتەوە ـ ئەو لە حاڵێک دایە کە تیکنۆلۆژی، دنیایەکی‌تری لەبەرچاوی جەماوەردا کردۆتەوەو فەلسەفەی ژیان بەمانا جیهانی‌یەکەی بەرەو ئازادیی زیاتری مرۆڤ هەنگاو دەنێتەوە.

نەتەوەکانی دانیشتووی ئێرانیش لەم شێوە فەلسەفەیەی ژیان ـ بە مانا جیهانی‌یەکەی ـ باشتر راهاتوون تا شێوە داسەپاوەکەی کۆماری ئیسلامی. چونکە بۆ وێنە ئێستاشی لەگەڵدا بێ (هەرچەند خەڵکی داوای ئازادکردنی ماهوارە دەکەن) ماهوارە بۆ نێوخۆی وڵات یاساخە، بە جەماوەر دەڵێن ئاوا بخۆنو ئاوا بجووڵنەوە، بەڵام خۆیان بە پێچەوانەی وتەکانیان ئابووریی بنەماڵەکانیان هەڵدەسووڕێنن. لە بواری رامیاریش‌دا بە دەگمەن دەوڵەتێکیان بە دۆستی خۆیان دەزانی ـ سووریەو لیبی دۆست ـ و ئەوانی‌تر نەیار، کە دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو حکوومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوینو بەتایبەت وڵاتە موسوڵمانەکان لە هەمبەر شەپۆلی کۆماری ئیسلامی‌دا هەڵوێست بگرن، بزاڤە ئیسلامی‌یەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی سەرکوت بکەن، شوورای هاوکاریی کەنداوی فارس پێک بێننو ئامریکاش بە پێویست بزانێ هێزێکی زۆرتر رەوانەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بکا، سەددامیش لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرێو هێرش بکاتە سەر خاکی ئێران. کێشەو قەیرانی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئۆردۆن، ئەلجەزایرو. . . لە ناوچەو هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، پچڕانی پێوەندی لەگەڵ فەرانسە، ئارژانتین، ئینگلستان، ئاڵمان کانادا گرفتگەلێک بوون کە ئێرانی زۆرتر لە دنیا دوور دەخستەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ تەنیا شتێک کە توانیویەتی پێوەندیی بازرگانیی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ـ هەڵبەت بەشێوەیەکی نەخۆش ـ رابگرێ، جوغرافیای ئێرانو نەتەوەکەیەتی. ئاشکراشە هەر لە سەرەتاوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆی وڵاتیش‌دا جەماوەریان کردۆتە دوو تاقمی "خودی و غیر خودی". لە ئاکامی ئەم هەڵوێستەی رێژیم پتر لە دوو میلیۆنو نیو لە خەڵکی وڵات ناچار بوونە زێدەکەیان بەجێ بێڵن.

### رێژیم بۆ ناچار بووە دەست لە دروشمەکانی هەڵبگرێ؟

بە تێپەڕبوونی زەمان، بە باشی ناکارامەیی شێوەی حکوومەتکردنی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا بووەو تاڕادەیەکی زۆر ئەو راستی‌یەی بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەلماندوە کە ئەگەر دەست لە دروشمەکانیان هەڵنەگرن تەمەنیان کورت دەبێتەوەو دەسەڵاتە داسەپاوەکەیان دەڕووخێ.

وێناچێ کاربەدەستانی رێژیم ـ بەتایبەت پاوانخوازەکان ـ بە پێی ئاوەزمەندیی خۆیان لە واقیعی ژیانی سیستماتیکی جیهانی ئەم سەردەمە هەڵسوکەوت بکەن. تەنیا تەوژمەکانی وڵاتانی‌ترە کە رۆژ بەرۆژ ناچاری کردوون پاشەکشە بکەن. بۆ زیاتر روونبوونەوەی مەبەستەکەمان ئاماژە بەهۆی پاشگەزبوونەوە لە هێندێک لە دروشمەکانیان دەکەین:

پاش ساڵانێک بەرز راگرتنی دروشمی "مەرگ بۆ سەددام"و بە کوشتدانی نزیک بە یەک میلیۆن جەماوەری بێتاوان ـ لەبەر تێکچوونی تەواوی بنەما ئابووری‌یەکانی وڵاتو وەڕەزبوونی خەڵک لە شەڕ ـ جامی ژەهریان نۆشیو لەگەڵ حیزبی بەعس پێک هاتنو باڵوێزخانەی ئێرانیان لە بەغدا کردەوە.

بە ناچاری روویان لە وڵاتی عەرەبستان ـ بۆ بەشداریی حاجی‌یەکانی ئێران لە رێوڕەسمی ئایینیی حەجدا ـ هەڵێناو لە وتەکەی خومەینی کە پێشتر بەرامبەر بە عەرەبستان گوتبووی، پاشگەز بوونەوە.

لەبەر حەوجێ بە وەڵاتانی عەرەب، لەم دوایی‌یانەدا ناوی شەقامی "خالید ئیسلامبۆلی"یان گۆڕیو لەگەڵ میسر پێک هاتنەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خەڵکی پێیان وابوو ئەم ناوە بۆ هەمیشە ئاوێتەی ناوی رێژیمەو تەنیا ئەو کاتە کە کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، ناوی ئەم تیرۆریستە لەسەر شەقامێکی تاران دەسڕنەوە.

لەبەر هێرشی ئەمریکاو تەحریمی زیاتری ئابووریی نێونەتەوەیی ناچار بوون لەگەڵ ئاژانسی چەکی ناوەکی پێک بێنو پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی مۆر کەن، کە راستەوخۆ ملکەچی گەورەترین نەیاریان "ئەمریکا"ش دەبن، بەرواڵەت دیار نیە، بەڵام لە نێوەرۆکی پڕ لە درۆی رێژیمی ئاخوندی دەوەشێتەوە خۆی بۆ ئەم ساتو سەودایەش ئامادە کردبێ!

### دەرئەنجامی پاشگەزبوونەوە لە دروشمەکان:

سەر دانەواندن بۆ ویستەکانی رۆژئاواو وڵاتانی ناوچە، بەرواڵەت وا نیشان دەدا کە کۆماری ئیسلامی لە "ریساکانی یاری"ی سیاسیی سەردەم حاڵی بووەو توانای "تعامل" لەگەڵ وڵاتانی جیهانی پەیدا کردوە، کە دەرئەنجامەکەی بەردەوامیو مانەوەی رێژیمە. ئەوەی راستی بێ لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت کۆماری ئیسلامی بتوانێ هێندێک قازانجی کاتی وەدەست بێنێ، بەڵام لە درێژخایەندا کۆڵەکەکانی سیحری مانەوەی کۆماری ئیسلامی، بەم هۆیانەی ئاماژەیان پێ دەکەین، تێک دەشکێن:

چونکە ئەم پێوەندی‌یانە لەگەڵ ستراتیژی‌یەکانی دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی یەک ناگرنەوەو مانەوەی رێژیمیش تەنیا بە بەرزڕاگرتنی ئەم دروشمانە بووە کە تا ئێستا توانیبووی جەماوەرێکی ساویلکە لە دەوری خۆی کۆ کاتەوەو دەگەڵ ئازادیخوازانی وڵاتیان بە شەڕ بدا. پاشگەزبوونەوەی [رێژیم لە دروشمەکانی]، بەو خەڵکەی کە بەردەوام دروشمی "جانم فدای رهبر"یان دووپات دەکردەوە سەلماند کە بە میلیۆن لە هاوبیرانیان گیانیان لە پێناوی هیچدا دۆڕاندوە. وێ ناچێ بەو هەڵوێستە ناچارییانەی کە گرتوویاننە بەر، لەمەودوا دروشمێکیان بۆ مابێتەوە تا بتوانن خەڵکی پێ فریو بدەن.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی ناچار بووە لەگەڵ وڵاتانی‌تر لە "تعامل"دا بێو "تعامل" لەگەڵ رووناکبیرانو نوێنەرانی راستەقینەی نەتەوەکانی نێوخۆی وڵاتیش هەروەک پێشوو پشت گوێ بخا، بێ‌شک ئەم دوو شێوازە لە رەفتاری رێژیم، لە هەمبەر وڵاتانی‌ترو خەڵکی ناوخۆی وڵاتدا ـ واتە پاشگەزبوونەوە لە بەشێک لە ستراتیژی‌یەکان لەلایەکو سەرکوتکردنی رووناکبیرانو ئازادیخوازانی وڵات، لەبەرچاو نەگرتنی مافی نەتەوەکانی ئێرانو. . . لەلایەکی‌تر ـ تەحەمول ناکرێ.

لە دێڕەکانی پێشوودا گوتمان بە جیهانیبوون لە هەناوی خۆیدا سێ گۆشەیەکی لێک بەستراوەی ئابووری، رامیاریو فەرهەنگیی بەرهەم هێناوە. تا ئەو کاتەی رێژیم نەتوانێ ئاڵقەکانی بە یەکەوەلکانی ئەم سێ گۆشەیە ـ لە نێوخۆی وڵاتو جیهاندا ـ بدۆزێتەوە، بەردەوام ناکارامە دەمێنێتەوە. ئەو کاتەی توانیشی ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێ، ئیتر "ماهیت"ی کۆماری ئیسلامی تێک چووە.

❊❊❊

# پەیامی پیرۆزبایی

## بۆ حیزبی چەپی سوئێد

**لەم دواییانەدا سی‌و پێنجەمین کۆنگرەی حیزبی چەپی سوئێد بەڕێوەچوو. لەو پێوەندی‌یەدا لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە سوئێد، چەند پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی ناوبراوو سەرۆکو ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە نێردراوە کە ئەوەی لە ژێرەوە دەخرێتە بەرچاو، دەقی ئەو پەیامانەیە:**

### پەیام بۆ کۆنگرە:

**سەرکەوێ سی‌و پێنجەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان!**

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هیوای سەرکەوتنو پێشڤەچوونی هەوڵەکانتان بۆ دابینکردنی دنیایەکی عادڵانەترو هەڵبژاردنی سەرۆکی پارتی، هەروەها پرۆگرامی نوێتان بۆ دەخوازین.

ئێمە بە رێزەوە دەڕوانینە هەوڵەکانی ئێوە چ لە پارلماندا و چ لە دەرەوەی پارلماندا بۆ پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیان ساڵە خەبات دەکا بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردو دێموکراسی لە ئێراندا کە ئەو خەباتە ئێستاش بەردەوامە.

رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە دەوروبەری ئێراندا بوونە هۆی چەتوونتربوونی کەشوهەوای سیاسی لە وڵاتدا، بەشێوەک کە نە سەرکۆمار، نە پارلمانو سیستمی هەڵبژاردن کە لە دەستووری بنچینەیی وڵاتدا باسی کراوە، لەلایەن شوورای نیگابانو رێبەری ئایینی نیزامەوە، واتە خامنەیی، بەهێد ناگیرێنو لە راستی‌دا پەراوێز کراون. ئەوە پێشێلکردنی ئاشکرای هەموو پرنسیپەکانی مافی مرۆڤو مافی هەڵبژاردنە کە بە داخەوە لەلایەن یەکیەتیی ئورووپا، حکوومەتی سوئێدو راگەیەنە گشتی‌یەکانەوە سەرنجی جیددی نەدرایە.

یەکەم کاردانەوەی بەناو هەڵبژاردنی ئەم دەورەی پارلمانی ئێران، بێ‌شک دەستپێکردنەوەی ناردنە دەرەوەی تیرۆریستو شۆڕشی ئیسلامی توندڕەو دەبێ بۆ دنیای دەرەوەو لە نێوخۆی وڵاتیش‌دا سەرکوتو چەوسانەوەی هەڵسووڕانی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و گەلانی چەوساوەی ئێران زیاتر لە جاران پەرە دەستێنێ. مەیدانی هەڵسووڕانی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەرتەسکتر دەکرێتەوە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەئەستاندنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگای پیاوسالار.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، کوردەکان زیاتر لە هەمووان، نیگەرانی ئەم بارودۆخەنو بێ‌شک زوڵمو سەرکوتکردنی ئەم گەلە چەند قات زیاتر دەبێ.

هیوادارم کۆنگرەکەتان بەوردی بارودۆخی ئێران بداتە بەر سەرنجو بەناوی کۆنگرەی سەرکوتکردنی کوردەکانو ناعەداڵەتی‌یە سیاسی‌یەکان لە ئێراندا مەحکووم بکا.

لە کۆتایی‌دا جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتن بۆ سی‌و پێنجەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان دەخوازم.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانەدا**

**سەلاح گادانی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد**

❊❊

### نامە بۆ سەرۆکی حیزب:

**بۆ بەڕێز Lars Ohly (لارش ئۆلی)، سەرۆکی حیزبی چەپ لە سوئێد**

**لەگەڵ داوای سەرکەوتننتان!**

شانازی دەکەم کە بەناوی حیزبەوە پیرۆزبایی هەڵبژاردنتان بۆ سەرۆکایەتیی حیزبی چەپی سوئێد بکەم. هیوادارم هەڵبژێرانی ئێوە بۆ ئەم ئەرکە سیاسی‌یە نوێ‌یە لە حیزبی چەپدا، رێخۆشکەر بێ بۆ وەدیهێنانی ئەم پرسانە کە بەلاتەوە بەنرخن. واتە کۆمەڵگایەکی عادڵانەترو بەرەوپێشچوونی پرسەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤو گەلانی چەوساوەی بێ‌دەوڵەت.

هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی حیزبی چەپ سەبارەت بە پرسی کورد، بوونە پاڵپشتی بوارێکی موسبەت کە هێزو هیوا دەدەن بە ئێمەی کورد بۆ خەبات لەپێناو داهاتوویەکی روونتردا. هەربۆیەش ئێمەی کورد بە هاوخەباتیمان لەگەڵ حیزبی ئێوە لە پێناو دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کوردو دامەزراندنی دێموکراسی‌و کۆمەڵگایەکی سێکولار لە ئێراندا، گەلێک خۆشحاڵین.

جارێکی دیکەش پیرۆزباییتان لێ‌دەکەمو هیوادارم حیزبەکەتان بە رێبەرایەتیی ئێوە، سەرکەوتنی زیاتر وەدەست بێنێ.

**لەگەڵ داوای سەرکەوتن**

**سەلاح گادانی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد**

❊❊

### بۆ بەڕێز موراد ئارتێن!

شانازی ئەوەی هەیە بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، هەڵبژاردنتان بۆ لیژنەی سەرکردایەتیی پارتی چەپی سوئێد پیرۆزبایی لێ‌بکەم.

هەڵبژاردنی ئێوە بۆ ئەو بەرپرسایەتی‌یە سیاسی‌یە هیوادارمان دەکا کە ئێوە لە گۆڕەپانێکی بەرینتردا، سەرلەنوێ بتوانن هەوڵەکانی خۆتان بۆ چەسپاندنی خوازیاری‌یەکانتان کە کۆمەڵگایەکی عادڵانەترو ئینسانی‌ترەو لایەنگری لە گەلانی چەوساوەو بێ‌وڵات، درێژە پێ بدەن.

ئێوە بۆ پەنابەرانی سوئێد دەبنە نموونەیەکی باش لە مەیدانی سیاسیی سوئێددا. ئێمەی کوردیش بە هاودەنگی لە خەباتمان بۆ چارەسەرێکی سیاسییانەی مەسەلەی کوردو هەوڵەکانمان بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی‌و کۆمەڵگایەکی سێکولار لە ئێراندا، شانازی دەکەین.

ئێستا کە ئەمن هیوای سەرکەوتننت بۆ دەخوازم، گومانم نیە کە هەموو ئەو کوردانەی دەتناسن، هەر هیوایان ئەوەیە، چونکە ئێوە ساڵانێکی زۆر هاوخەباتێکی شێلگیری گەلی کوردن.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانەدا**

**سەلاح گادانی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد**

❊❊❊

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی یادکردنەوەی شەهیدانی ٣ی ڕەشەمەی شاری سنە

بە بۆنەی پێنجەمین ساڵڕۆژی کارەساتی ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی شاری سنەو بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان و قوربانییانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، بەشی ئامووزشی ناوەندی ١ی کوردستان، ڕۆژی یەکشەمە ٣ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی، ڕێورەسمێکی تایبەتیی بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و سەرجەم کادرو پێشمەرگەکانی ناوەندی ١، بەڕێوەبرد.

ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز کاك حەمەنەزیف قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی ١ بەم بۆنەوە وتەیەکی پێشکێش کرد.

کاك حەمەنەزیف قادری لە سەرەتای قسەکانی‌دا وێڕای ئاماژە بەچۆنیەتیی گیرانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیەو وەڕێخرانی شەپۆلی هاوپێوەندیی کوردەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، تیشکی خستە سەر هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێوەندی‌یەداو دەنگ هەڵبڕینی کوردەکانی ئێران بە نیشانەی ئیعتراز بە هەڵوێستی وڵاتانی بەشدار لەم پیلانەدا، بە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ئێران ناو بردو گوتی: "گەلی کورد لە ئێران لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بە هاتنەسەر شەقام و بەرزکردنەوەی دروشمە نەتەوەیی‌یەکان و دەربڕینی هاوسۆزی و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ براکوردەکانیان لە کوردستانی تورکیە، سەلماندیان کە گەلی کورد، گەلێکی وشیارو خاوەن هەڵوێستە. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە قەت چاوی بەرایی نەداوە، دیمەنی حەرەکەتێکی ئازایخوازانە ببینێ و لە هیچ حاڵەتێکدا دەنگی ئازادیخوازانەی پێ تەحەممول ناکرێ، دیسانەکەش سیمای راستەقینەی خۆی نیشان داو بە سەرکوتکردن و بەخوێن کێشانی ئەم حەرەکەتە ئیعترازییانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەگشتی و شاری سنە بەتایبەتی لاپەڕەیەکی دیکەی بە کارنامەی ڕەش و پڕ لە نەنگی دەسەڵاتدارەتیی خۆی زیاد کرد".

بەڕێز حەمەنەزیف قادری لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا بە ئاماژەکردن بە چەند نموونەی بەرچاو لە هاوسۆزی و هاوپێوەندیی کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە کارەساتگەلێکی وەك: ١) پیلانی خائینانەی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایری ساڵی ١٩٧٥ کە نسکۆی شۆڕشی کوردەکانی عێراقی لێ کەوتەوە.

٢) تیرۆری ڕێبەری مەزنی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤیەن پێتەختی ئوتریش لە پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی‌دا.

٣) کارەساتی تیرۆری میکۆنوس لە برلینی ئاڵمان لە خەرمانانی ١٣٧١، کە شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لێ کەوتەوە.

٤) هێرشی بەربڵاوی ئەرتەشی دیکتاتۆریی ڕێژیمی سەددام بۆ سەر کوردستانی عێراق و کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆ کوردستانی ئێران و تورکیە لە ساڵی ١٩٩١دا.

٥) کارەساتی ١٢ی ڕێبەندانی شاری هەولێرو تەقینەوە تیرۆریستی‌یەکان لە لقی ٢ی پارتی دێموکراتی کوردستان و مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە بوە هۆی کوژرانی پتر لە ١٥٠ کەس و تێداچوونی ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هەر دوو حیزبە سەرەکی‌یەکەی کوردستانی عێراق.

ئەو هاوسۆزی و هاوپێوەندییانەی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە نیشانەی ئیرادەی نەتەوەیی نەتەوەی کوردو لاپەڕەکانی زێڕینی مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردی ناو برد.

بەڕێزیان لە کۆتایی قسەکانیاندا بە ئاماژەکردن بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی مەجلیس لە ئێراندا گوتی؛ کە خەڵکی کوردستان لە ڕەشەمەی ئەمساڵیشدا جارێکی‌تر بە ڕێژیمی نیشاندا کە لە کوردستاندا هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیان نیەو شکستی هەوڵەکانی ڕێژیمیش لەم هەڵبژاردنەدا وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێراندا نیشان دەداو لە ڕوویەکی تریشەوە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکەش درووستبوون و ڕەوابوونی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی لەم پێوەندی‌یەدا دەرخست و بە دەنگەوەچوونی خەڵکی کوردستانیش لە پێوەندی لەگەڵ تەحریمی هەڵبژاردندا نیشانەی ئیمان و باوەڕی خەڵك بە حیزبی دێموکرات و ڕێبازەکەیەتی.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی لاوان بەو بۆنەوە خوێندرایەوەو بەدوای ئەودا شاعیرانی میوان لەم ڕێورەسمەدا، هاوڕێیان، شەریف فەلاح، خەبات ڕەسولی، عەلیی بداغی، سەیدکەمال ئیبراهیمی و هۆشیار ئەحمەدی بەرهەمە شێعری و ئەدەبی‌یەکانیان پێشکێش کرد.

ڕێورەسمەکە بە درووشمی سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ٣ی ڕەشەمەی سنەو هەموو شەهیدانی کوردستان، سڵاو لە خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی کوردستانی ئێران و سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، کۆتایی پێ‌هات.

❊ ❊ ❊

# لاپەڕەیەکی خوێناویی بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵکی کوردستان

## لە یادی ٣ی ڕەشەمەی ٧٧دا

**عەلی بداغی**

ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ئەمساڵ، پێنجەمین ساڵڕۆژی خۆپیشاندانە مێژوویی‌یەکەی خەڵکی شاری سنەیە کە زۆر بێ‌بەزەیی‌یانە لەلایەن هێزە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە کەوتە بەر پەلامارو بە توندی سەرکوت کرا. خۆپیشاندانەکەی خەڵکی شاری سنە لە درێژەی ئەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یەدا بوو کە بە بۆنەی گرتن و ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان وەڕێ خرابوو.

گەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پێکانی چەندین ئامانجی سیاسی و یەك لەوان هێنانە بەرباسی ئەو ئیددیعایە کە گوایە گەلی کورد لە ئێران هیچ کێشەیەکی نیەو بە هەموو ماف و ئازادی‌یەکانی گەیشتوە، ئیجازەی دابوو کە ئەو خۆپیشاندانانە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك و دیاریکراوداو بە بەرزکردنەوەی هێندێك دروشمی تایبەتەوە بەڕێوەبچێ. بەڵام، کاتێك کە جەماوەری خاوەن هەڵوێست و وەزاڵەهاتووی کوردستان، سنووری بەرتەسك و دیاریکراوی ڕێژیمی بەزاندو بە قۆستنەوەی ئەو هەلە ویست و داخوازە سەرەکی‌یەکانی خۆی هێنایە بەرباس و دروشمە نەتەوەیی‌یەکانی بەرز کردەوە، جارێکی دیکەش بڕیاری سەرکوت و قەلتوبڕی دراو شەقامەکانی کوردستان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد نەخشێنران.

هەرچەند کە شەپۆلی خۆپیشاندان زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتبۆوەو ڕەوتی سەرکوت‌کردن و لە خوێن‌وەردانی ئەو زنجیرە حەرەکەتە ئیعترازییانە لەلایەن ڕێژیمەوە لە هەموو ئەو شارانەی کە ناوبران بەڕێوەچوو، بەڵام، شاری سنە هەم لە باری بەشداریی بەربڵاو و کەم وێنەی خەڵکەوە سەرتۆپی شارەکانی کوردستان بوو و هەم لە باری سەرکوتیشەوە زۆر بە توندی و بێ‌بەزەییانەتر کەوتە بەر تەوژمی پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم.

لە پەلاماری بەربڵاوی هێزە دژی گەلی‌یەکانی ڕێژیم بۆ سەر ئەو شارە لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ٧٧دا دەیان کەس لە ڕۆڵە بوێرەکانی شاری سنە شەهیدو بریندارببوون و، بە سەدان کەسیش گیران و کەوتنە بەندیخانە کە هەنووکەش چارەنووسی ژمارەیەکی بەرچاو لەو لاوە بەندکراوانە نادیارە.

لە وەبیرهێنانەوەی ئەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یانە کە کارەساتێکی وەك ٣ی ڕەشەمەی شاری سنەی لێ کەوتەوە ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ پێویستە:

**هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و متمانە بەخشینی خەڵك بۆ جارێکی دیکە بە حیزبی نەتەوەیی و جێی باوەڕی خۆی**

حیزبی‌دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکەم حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی بوو کە ڕفاندن و گیرانی ئۆجەلانی بە پیلانێك لە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە ناوبردو مەحکوومی کرد. پاشان لە نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان، داوای کرد کە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە لە دادگایەکی عادڵانەدا موحاکەمە بکرێ. گەلی کورد لە ئێرانیش لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بە هاتنە سەر شەقام، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو پیلانەو دەربڕینی هاوخەباتی، هاوسۆزی و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ براکوردەکانی لە کوردستانی تورکیە، جارێکی دیکەش متمانەو باوەڕی خۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەڵقوڵاو لە هەناوی ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران بەخشی و بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلێکی وەك "قاسملوو، شەرەفکەندی ڕێگاتان درێژەی هەیە" و "بژی حیزبی دێموکرات ـ نیشاندەری ڕێی خەبات" سەلماندیان کە هەروا ڕێرەوی ڕێبازی پێشەوا قازی و حیزبی دێموکراتن.

بەزاندنی سنووری بەرتەسکە دیاریکراوەکانی ڕێژیم و بەرزکردنەوەی دروشمە نەتەوەیی‌یەکان لە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خەڵکەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەبوون کە خۆپیشاندانی خەڵك لەو ڕۆژانەدا سەلماندنی ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران بوو نەك تەنیا دەربڕینی یەك مەبەست و مەحکوومکردنی گیرانی ئۆجەلان. واتە ئەوە وشیاری‌یەکی سیاسی و نەتەوەیی بوو کە ئەم هەلەی ڕەخساندو گەلێك ویست و کێشەی زۆر گەورەتر لەو ڕووداوەی هێنایە بەرباس.

**بەزاندنی سنووره بەرتەسکە دیاریکراوەکانی ڕێژیم و بەرزکردنەوەی دروشمە نەتەوەیی‌یەکان لە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خەڵکەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەبوون کە خۆپیشاندانی خەڵك لەو ڕۆژانەدا سەلماندنی ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران بوو نەك تەنیا دەربڕینی یەك مەبەست و مەحکوومکردنی گیرانی ئۆجەلان. واتە ئەوە وشیاری‌یەکی سیاسی و نەتەوەیی بوو کە ئەم هەلەی ڕەخساندو گەلێك ویست و کێشەی زۆر گەورەتر لەو ڕووداوەی هێنایە بەرباس.**

**ناسپاسی و سیاسەتی نادۆستانەی P.K.K لە بەرامبەر نیازپاکیی خەڵکی کوردستانی ئێراندا**

لە یادکردنەوەی کارەساتی ٣ی ڕەشەمەدا جێی وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی ئەم حیزب و لایەنە سیاسییانەیە کە بە هەڵگرتنی دروشمی قەبەو پڕ زریق و بریق هەستی پاکی کۆمەڵگای کوردییان خستبۆوە خزمەتی بەرژەوەندی‌یە ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی گشتیی کورد. سەرکردایەتی P.K.K بەجێی سەردانەواندن بۆ هەستی پاکی گەلی کورد لە ئێران کە بۆ دیفاع لە ئەو ئامانجە نەتەوەیی‌یانەی کە P.K.K بەناو باسی لێوە دەکردن ڕژانە سەر شەقامەکان، لە یەکەم هەنگاودا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خوێناوی خۆپیشاندانەکان بێ‌تاوان نیشان‌داو وێڕای ئەوەی کەوتە پاکانەکردن بۆ ڕێژیم، خەڵکی قارەمان و شۆڕشگێڕی کوردستانیشی کە دروشمی ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی بەرزکردبۆوە، بە بەکرێگیراوی سەهیونیسم، کەمالیسم و ئیمپریالیسم ناوبردو چ ئەوکات و چ ساڵەکانی دواییش، داوایان لە خەڵك کرد کە خوێنی بەناهەق ڕژاوی ڕۆڵەکانیان لەبیر بەرنەوەو لە بەرامبەر سەرکوتی بێ‌بەزەیی‌یانە بەهۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە دەنگی نارەزایەتی دەرنەبڕن.

**بزووتنەوەی بەناو ڕیفۆرمیستی نێودەسەڵات و نەخشی سەرەکی و تەواوکەریان لە ڕەوتی سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا**

حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خەڵکی کوردستان لە مانگی ڕێبەندان و ڕەشەمەی ساڵی ٧٧ دەرفەتێکی باش بوو بۆ دەرخستنی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی بەناو ڕیفۆرمخوازەکانی نێودەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم. بەناو ڕیفۆرمخوازەکان کە ئەوکات بە هەڵگرتنی دروشمی قانوونمەندی، ئێران بۆ هەموو ئێرانی‌یەکان، مافی هاووڵاتی، ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان، کرانەوەی فەزای سیاسی و سڕینەوەی دواکەوتوویی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری لە ناوچە لە دواکەوتووییی ڕاگیراوەکان لە هەوڵی بەخشینی سیمایەکی نوێ لە کۆماری ئیسلامی لە بیروڕای گشتی و دنیای دەرەوە بوون، لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتی کوردستان دەریان خست کە بە کردەوە لە ڕیزی پێشەوەی سەرکوتی ئازادی و ئازادیخوازەکان لە کوردستان دان.

کاتێك ئاغای ڕەمەزانزادە، ئوستانداری ئەوکاتی ئوستانی کوردستان و وتەبێژی ئێستای دەوڵەتی بەناو ڕیفۆرمخوازی خاتەمی بە شانازی‌یەوە ڕایگەیاند کە بڕیاری تەقە لە خۆپیشاندەران ئەو داویەتی و ئاغای عەوڵا نوری، وەزیری نێوخۆی ئەوکاتیش کە یەکێك لە ڕادیکاڵترین بەناو ڕیفۆرمیستەکانی ئەو ڕەوتەیە، سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی کوردستانی بە شتێکی ڕەواو بەجێ زانی، ئاسایی‌یە کە ڕۆژنامە ڕیفۆرمخوازەکانیش کە بە ڕاستی ئەوکات برەویان لە نێو بیروڕای گشتی‌دا هەبوو بە لاسایی‌کردنەوە یا خۆ بڕیاروەرگرتن لە بڕیاردەرەکانیان زۆر بە هاسانی لە تەنیشت ئەو کارەساتە گەورەیەوە تێپەڕن و گوێی خۆیان لە ئاست ئەو ڕووداوە ئاخنن و چاویان لێ پۆشی.

بۆ مێژووش بێ، جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە هەمان کاتدا کەسێکی وەك ئاغای جەلال جەلالیزادەی ڕیفورمخواز کە پاشان لە سەر لیستەی ئەم ڕەوتە بە نوێنەرایەتیی خەڵکی شاری سنە لە مەجلیس هەڵبژێردرا، بەجێی داکۆکی‌کردن لە مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵکی کورد، چۆن پلاری گرتە بزووتنەوەی ڕەسەنی میللی ـ دێموکراتیکی گەلەکەی و سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوەیە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە تاوانبار زانی و ئەوانی بە خولقێنەری کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێگای ئیسلاحات! لە کوردستاندا ناوبردو پاشانیش خۆپیشاندەران و ئەوانەی دروشمی نەتەوەیی‌یان بەرز کردبۆوە بە تێکدەرانی هاوپێوەندی! نێوان دەوڵەت و میللەت! ناوبرد! هەر ئەو بەڕێزە پاش ٥ ساڵ و ڕاست حەوتوویەك بەر لە هەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی مەجلیس لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی خەڵکی شاری سنەدا، دان بەوەدا دەنێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەر دوو قۆڵی‌یەوە هیچ بڕوایەکی بە گەلی کوردو کێشەو مافەکانیان نیە.

دواوتە ئەوە کە بەردەوامبوون و گەشەکردنی بزووتنەوە ئیعترازی‌یەکانی گەلی کورد لە ئێران و درێژەی خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان لە ساڵەکانی ڕابردوودا ئەو ڕاستی‌یە دەسەلمێنن کە هەوڵە چرووپڕەکانی ڕێژیم بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی گەلی کوردو لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتیی، هەر وانەزۆك ماوەتەوەو بە پێچەوانەی ئیددیعا بێ‌بنەماکانی ڕێبەرانی ڕێژیم، کێشەی کورد لە ئێران کێشەیەکی بنەڕەتی‌یەو ئەو کێشەیەش کێشەی میللی و نەتەوایەتی ئەو گەلەیەو بە دڵنیایی‌یەوە تا وەدیهاتنی ئامانج و مافە ڕەواکانی ئەو گەلە، خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانمان هەروا بەردەوام دەبێ.

**بەردەوامبوون و گەشەکردنی بزووتنەوە ئیعترازی‌یەکانی گەلی کورد لە ئێران و درێژەی خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان لە ساڵەکانی ڕابردوودا ئەو ڕاستی‌یە دەسەلمێنن کە هەوڵە چرووپڕەکانی ڕێژیم بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی گەلی کوردو لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتیی، هەر وانەزۆك ماوەتەوە**

❊ ❊ ❊



ئامادەکردن:
ئەشکان

# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

### سەرکەتنی قەنبەری لە سلۆواکی

یاری‌یەکانی زۆرانی ئازاد لـە وڵاتـی سلۆواکی کـە بـە مەبەسـتی دیـاریکردنی سەهمییەی وڵاتانی بەشدار لە ئۆلەمپیکی ئـاتێن بـەڕێوەچوو، رۆژی ١٣ی رێبـەندان کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا لە ئێرانەوە چوار زۆرانوان بەشدار بوون کە لـە کێشـی ٨٤ کیلـۆدا فـەرەیدوون قەنبـەری زۆرانوانـی کرماشـانی سـەرەڕای وەدەسـتهێنانی سەهمییەی ئێران بۆ ئۆلەمپیك، پلەی سێهەم‌و میداڵی برۆنزی ئەم یارییانەی وەدەست هێنا.

### سەرکەوتنی تیمی بانکی توجارەتی کرماشان بۆ قۆناغی دووهەم

قۆناغی یەکەمی یاری‌یەکانی لیگی دەستە یەکەمی والیباڵی ئێران کە ماوەیەك پێش ئێستا لە حـەوت گـرووپدا دەسـتی پـێ کردبـوو، کۆتـایی پێهـات‌و یەکـەم‌و دووهەمی گرووپەکان بۆ قۆناغی دووهەم دیاری کـران تـا لـە کۆتـایی‌دا سـێ تیمـی سەرکەوتوو بۆ لیگی سەرەکی (برتر)ی ئـێران دیـاری بکرێـن. لـەم یارییانـەدا تیمـی بانکی توجارەتی کرماشان پلەی یەکەمی گرووپی پێنجەمی وەدەست هێنا.

### جامی نێونەتەوەیی تەختی‌و سەرکەوتنی دوو زۆرانوانی کورد

جامی نێونەتەوەیی تەختی لە هەردوو ئاستی "ئازاد"و "شـانومل"دا کـە لـە شـاری تاران دەستی پێکردبوو، دوای چوار رۆژ لە ٣٠ی رێبەنداندا کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا ١٤ وڵات بەشدار بوون کە لە ئاکام‌داو لە زۆرانی شان‌وملدا، عەلیڕەزا غەریبی، زۆرانوانـی ئیلامی، لە کێشی ١٢٠ کیلۆدا پلەی یەکەمی وەدەسـت هێنـاو لـە زۆرانـی ئـازادیش لـە کێشی ٨٤ کیلۆدا، فەرەیدوون قەنبەری زۆرانوانی کرماشانی، پلەی سێهەم‌و میداڵی برۆنزی وەدەست هێنا.

### تێکواندۆی کرماشان، قارەمانی دەستە یەکەمی ئێران

لیگی دەستە یەکەمی تێکواندۆی ئێران بەناوی "نەقشی جیـهان" (نقش جـهان) کـە ماوەیەك بوو دەستی پێکردبوو، بە قارەمانیی تیمی هەیئەتی تێکواندۆی کرماشان کۆتـایی پێهات. لە رۆژی کۆتایی ئەم یارییانەدا، کرماشان ٦ ـ ٢ لە زانستگەی "پەیامی نـوور"ی بردەوە تا بە ٤١ خاڵ پلەی یەکەم وەدەست بێنێ‌و لەگەڵ تیمی "مس"ی کرمان کە بـە ٣٨ خاڵ پلەی دووهەمی وەدەست هێنابوو، بۆ لیگی سەرەکی (برتر)ی تێکواندۆی ئـێران دیـاری بکرێن.

### ئەفشین، قارەمانی کێش‌هەڵگری ئێران

یاری‌یەکانی کێش‌هەڵگریی گەورەساڵانی ئێران کە لە شاری قەزوین دەستی پـێکردبوو، رۆژی ٢٨ی رێبەندان کۆتایی پێهـات. لـەم یارییانـەدا، عـەلیڕەزا ئەفشـین، کێش‌هـەڵگری کرماشانی لە کێشی ٧٧ کیلۆدا توانـی پلـەی یەکـەمی ئـێران وەدەسـت بێنـێ. هـەر لـەم کێشەدا، ئەحەد سنجابی دیسان لە کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا. لە کێشـی ٩٤ کیلۆدا، وەحید فاتمی‌راد لە کرماشان پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

### مەهدی مورادی قارەمانی کاراتەی ئێران

یاری‌یەکانی کاراتەی قارەمانیی ئێران کە بە بەشداریی ٤٥٥ کاتاکار لە ٢٦ ئۆسـتانی ئێران دەستی پێکردبوو، رۆژی ٨ی رەشەمە لە شاری تاران کۆتایی پێهات. لەم یارییانـەدا مەهدی مورادی کاتاکاری کێشی ٨٠ کیلۆی کرماشان بـەدوای سـەرکەوتن بەسـەر تـەواوی رەقیبەکانی‌دا، پلەی یەکەمی ئێرانی وەدەست هێنا.

❊ ❊ ❊

هاوڕێ سمایل بازیار، لە رێورەسمی کۆتایی دەورەی ١٥٥ی سەرەتایی پێشمەرگەدا:

## کۆماری ئیسلامی‌و رێژیمی لەناوچووی تاڵیبان دوو نموونەی شکست خواردووی ئیسلامی سیاسین

دوانیوەڕۆی رۆژی ٥شەممە رێکەوتی ٣٠ی رێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی پۆلێکی دیکـە لە لاوانی کوردستان دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتی‌یان لـە فێرگـەی سیاسـیـ نـیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تەواو کرد. لە رێورەسمێك دا کە بە بۆنەی کۆتـایی هاتنی دەورەی ١٥٥ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسیـ نیزامی حیزب دا بـەرێوە چوو، بەرێز سمایل بازیار ئەندامی کومیتەی ناوەندی، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسیـ نیزامی، کادرو پیشمەرگەکانی فێرگە و دەیـان کـەس لـە تێکۆشـەرانی حیـزب وبنەماڵەکانیان و لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا بەشـدار بـوون، کۆتـایی هـاتنی دەورەکـە راگەیەندرا و پێشمەرگە سـەرکەوتووو نموونـەکان بـە بەشـدارانی رێورەسمەکـە ناسـێنران. رێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی "ئـەی‌رەقیب"دەسـتی پێکـرد. پاشـان کـاك سمایل بازیار بەم بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش بە بەشدارانی رێورەسمەکە کرد.

بەرێز بازیار لە سەرەتادا وێڕای سوپاس و ماندوو نـەبوونی گوتـن بـە بەرێوەبـەران و مامۆستایانی فێرگەی سیاسیـ نـیزامی سوپاسـی بەشـدارانی دەورەی ١٥٥ی سـەرەتایی پێشمەرگەی کرد کە نزیکترین و دڵنیاترین تەشکیلات، واتە حیزبی دیموکراتیان بۆ خەبات هەڵبژاردوە.

جێگری کومیسیۆنی ئاموزشی حیزب لە درێژەی قسەکانی دا وێڕای ئیشارە بە لەدەسـت چوونی زۆر فورسەتی لە بار بۆ کـورد لـە پـاش شـەڕی یەکـەمی جیهانی‌یـەوە گوتـی :" ئەمجارە ئەو فورسەتە مێژوویی‌یە لە دەست نـاچێ. ئەگـەر ئـەو کـات کـورد لـە بوونـی سەرکردایەتی‌یەکی بـەرپرس‌و لـە رێکخراوێکـی تۆکمـە بێبـەش بـوو، ئێسـتا خـاوەنی سەرکردایەتی‌یەکی تێگەیشـتووتر و سـازمانێکی رێکوپێکـترە". پاشـان ئیشـارەی بـەو مەترسی‌یانە کرد کە لەسەر دەسکەوتەکانی کورد لە کوردستانی عێراقـەو تەقینـەوەکانی شاری هەولێری لە رۆژی جێژنی قورباندا لە رێزی‌دا ئەو هەرەشانە ناو برد.

کاك سمایلی بازیار لە درێژەی قسـەکانی‌دا رادیکـالیزمی ئیسـلامی وناسـیۆنالیزمی عەرەبی وەك دوو هۆکاری هەرەشە بۆ سەر مەسەلە نەتەوایەتیی کورد ناو بـردو ئیشـارەی بەوە کرد کە رادیکالێزمی ئیسلامی کە جەریانێکی کۆنەپەرەستانەیە بەرهەمی سروشـتی ئایینی ئیسلام نیە، بەڵکوو ٣٠ـ٤٠ ساڵە هاتۆتە نێـو هاوکێشـە سیاسـی‌یەکانەوەو ئـەم جەریانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی‌یەکانی دینی کردۆتە ئامرازی دەستی خۆی.

ناوبراو هۆیەکانی گەشە کردنی رادیکالێزمی ئیسلامیی بـۆ چـەند هـۆ گـەراندەوە، لەوانە: "نەبوونی ئازادی و سەرکوتی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و پەرەگرتنی هەژاری لە نێو کۆمەڵانی خەڵكدا."

بەرێزیان لە بەشێکی دیکەی قسـەکانی‌دا، کۆمـاری ئیسـلامیی ئـێران‌و رێژیمـی لـە نێوچووی تالیبان لە ئەفغانستانی وەك نموونـەی عەمـەلیی بـە دەسـەڵاتی رادیکـاڵێزمی ئیسلامی لە جیهاندا ناسـاند کـە هـەر دوو نموونـە، ئـەزموونێکی شکسـت خـواردوو و ناسەرکەوتوو لەو جەرەیانە نیشان دەدەن.

کاك سمایل بازیـار لـە بەشـێکی دیکـەی قسـەکانی ئامـاژەی بـە هەڵبژاردنـەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی کـردو وێـڕای ئیشـارە بـە شکسـتەکانی قۆڵـی رێفورمخوازی کۆماری ئیسلامی‌و شکسـتی مەجلیسـی شەشـەم لـە چـوار ساڵـی رابردوودا، بە لێکدانەوەی رووداوو فاکتەرەکان پێـی وابـوو هـەڵبژاردنێکی سـاردو سـڕو بەبـێ بەشداریی کۆمەڵانی خەڵك لەم دەورەیە بەرێوە دەچـێ.

بەرێز کاك سمایل بازیار لە کۆتایی قسەکانی‌دا ئیشارەی بە وەزعی کوردستان بەر لـە هەڵبژاردن کردو ئاماژەی بە تەئسیری هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لـە بارەی تەحریمی هەڵبژاردندا کردو دژکردەوەی خەڵکی شـارو گوندەکـانی کوردسـتانی لـە بەرامبەر کاندیداکانداو پێشوازی نەکردنی خـەڵکی کوردسـتانی لـەو هەڵبژاردنانـەدا بـە نموونە هێنایەوەو لە کۆتایی قسەکانیشی‌دا جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە بەشدارانی دەورەی سەرەتایی ١٥٥ی پێشمەرگە کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە راپۆرتی بەرنامـەو کارو تێکۆشانی فێرگەی پێشکەش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بـە نوێنەرایـەتی لـە لایەن هاورێیانی‌یەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکـەی‌دا سوپاسـی بەرپرس‌و مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵ‌و تێکۆشانیان لە پێنـاوی پـەروەردە کـردن‌و پێگەیاندنی لاوانی کوردستانی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. پاشان بەرێز کاك حەمدی حوسەینی کادری لەمێژینەو مامۆسـتای فێرگـەی سیاسـی ـ نـیزامی خەڵاتی بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

شایانی گوتنە پێشکەش کرانی چەند گۆرانی لە لایەن بەشدارانی دەورەوە بەهاوکاری کۆڕی هونەریی حیزب‌و چەند پارچە شێعرێك‌و چەند هەڵپەڕکێی جوان‌و سـەرنجڕاکێش کـە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە ئامادە کرابوو، بوون بە نێوئاخنی رێورەسمەکە.

❊ ❊ ❊

## درێژەی (ئورووپا و کۆماری ئیسلامی پاش. . .)

کارەکانی خاتەمی‌یان ـ ئەگەر کارێکی کردبێ ـ گەورە دەکردەوەو هەوڵیان دەدا نـاوبراو وەك مرۆڤێکی زاناو ئازادیخوازو ئاشتیخواز بە بیروڕای گشـتیی وڵاتـەکانیان بناسـێنن‌و هەرکاتێکیش سەبارەت بەو هەموو جینایەت‌و سەرکوت‌و پێشێلکرانەی مافی مرۆڤ لـە ئێراندا رەخنە لە پێوەندی‌یەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا دەگیرا، ئیددیعایان دەکرد کە پێوەندی‌یەکانیان لەگەڵ ئەو رێژیمەدا بۆ بەهێزکردنی پێگەی ریفۆرمخوازەکانە. کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەش‌دا توانی کەڵکێکی زۆر لەو سیاسەتە وەربگرێ.

ئێستا پاش هەڵبژاردنی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بۆ هـەموو لایەك دەرکەوتووە کە رەوتی ریفۆرمخوازی دەوڵەتی لـە کۆمـاری ئیسـلامی‌دا، شکسـتی خواردووەو لەڕاستی‌دا ئەو قۆڵە هەر لە هەوەڵـەوە ئـەوەندە چیـدی‌و گـەورە نـەبوو کـە زۆرکەس لە دنیای دەرەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتانی ئورووپا گـەورەیان دەکـردەوە. ئەگـەر کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی دیکەش بتوانێ خۆی لە بەرامبەر ئەو هەمووە قەیرانـە قووڵانەدا کە تووشی بووەو لە بەرامبـەر ئـەو ئاڵوگۆڕانـە کـە لـە ناوچـەدا روو دەدەن‌و هەروەها لە بەرامبەر پەرەگرتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئـێراندا رابگرێ، ئاڵتەرناتیڤی دەوڵەتانی ئورووپا لە جێی هەڵوێستەکانی پێشـوویان لەبەرامبـەر کۆماری ئیسلامی‌دا چ دەبێ؟

ئەگەرچی بە هەڵبژاردنەکانی حەوتەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی هیـچ کام لەو بیانوویانە کە پێوەندی‌و هاوکاریی بەرینی دەوڵـەتانی ئورووپـا لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی‌دا لەسـەر دانرابـوو، نـەماون، یەکیـەتیی ئورووپـا پێـی لەسـەر درێـژەی سیاسەتەکانی پێشوو لەگەڵ ئەم رێژیمەدا داگرتەوەو تەنیا بەباشی لە راوێژو لـە مانایـان حاڵی‌یە.

یەکەم نیشانەکانی ئاڵترناتیڤێك لە جێی ریفۆرمخوازەکان کە یەکیـەتیی ئورووپـا بـۆ درێژەی پێوەندی‌و هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا دیاریی کـردوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوکاتەی کە ئـەو راسـتی‌یەی بـۆ دەرکـەوت، ریفۆرمخـوازی بـە بنبەسـت گەیشـتووەو ریفۆرمخوازەکانی نێو دەسەڵات مۆرەیەکی سووتاون کە کاتی فڕێدانیان هـاتووە. ئـەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە حەسـەنی رووحـانی راسـپاردەی خامەنـەیی‌و لەڕاسـتی‌دا وەزیری دەرەوەی موحافیزەکاران لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری کێشـەی ئـەتۆمیی ئـێران سەفەری ئورووپای کردو بەگەرمی پێشوازیی لـێکرا. دەوڵـەتانی ئورووپـایی بەتایبـەتی ئاڵمان، فەرانسەو ئینگلستان بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی پێشوویان کە پێوەندی‌یەکانیان بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی ریفۆرمخوازەکـان لەگـەڵ کەسـێك کەوتنـە چارەسـەری مەسەلەکە کە بۆ خۆشیان لەو راستی‌یە دیپلۆماسی‌یە ئاگادار بـووون لـەبارەی حقـووق‌و عورفی نێونەتەوەیی‌یەوە سەلاحییەتی پێڕاگەیشتن‌و بەو کارەی نەبوو، چونکە ئـەو کـارە دەبووا دەوڵەت واتە سەرکۆمار لە رێگەی وەزارەتی دەرەوەدا پێی راگەیشتبا. نـەك هـەر ئەمـە، بـەڵکوو لەلایـەن ئـەو دەوڵەتانـەوە بـە پیـاوێکی "منتیقـی"، "لەسـەرخۆ"، "واقیعبین" وەسف کرا. ئەو پیاوەی کە لەم دوایانەدا دەرکەوت کە گرنگترین چالاکی‌یـە ئەتۆمی‌یەکانی رێژیمەکەی لە نهێنی‌دا هێشتبۆوە.

دەوڵەتانی ئورووپایی کە بە وردی دەڕواننە ئاڵوگۆڕەکـانی ئـێران، لـەو ئیحتیمالـە بەهێزە گەیشتوون لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا کە ساڵی داهاتوو بەرێوەدەچێ، حەسەنی رووحانی لە جێی محەممەدی خاتەمی دادەنرێ. ئەو کارو بڕیارانەی حەسەنی رووحانی وەك دەبیری شـوورای بـەرزی ئەمنییـەتی میللـی بـە جێگـەی سـەرکۆمارو وەزیـری دەرەوە بەرێوەیان دەبا، ئەو ئیحتیمالەی بەهێز کـردوە. ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی دیکەشـەوە ئاوات‌و ئارەزووی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەمریکا بەهۆی ترسێك کە لە بەرنامەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیانە، ئورووپای لەوە نیگەران کردوە ئەگەر ئەمریکاش رۆژێك بەو پێوەندی‌یە رازی بێ، بە سەرنجدان بـەو راستی‌یە کـە خـەڵکی ئـێران لـە داخـی رێژیمەکـەیان زۆر خوازیـاری پێوەنـدی لەگـەڵ ئەمریکان، گرنگیی پێشووی لە دەست دەداو لەو دەرگایانـەی کـە ئێسـتا بـۆ ئورووپـا لەسەر پشتن، هێندێکیان بە رووی ئەمریکادا بکرێنەوە.

بەهەرحاڵ رەنگە ئورووپا بەڕادەی خەڵکی ئێران ئەو راستی‌یەی بۆ دەرنەکەوتبێ کـە کۆماری ئیسلامی لە چ قەیرانێکدا دەژی‌و ئەو رێژیمە چەندەی مەشـرووعییەت لـە نێـو خەڵكدا هەیە. بە تەجروبە دەرکەوتووە کە ئەو رێژیمانـەی لـەنێوخۆدا مەشـرووعییەتیان لەدەست دەدەن، ئامـادەن ئیمتیـازی زۆر بـە دەوڵـەتانی دیکـە بـدەن‌و ئـەو پێگەیـەی لەنێوخۆدا لە دەستیان داوە، لە دنیای دەرەوەدا وەدەستی بێنن، بـەڵام رەنگـە ئـەو رۆژە دوور نەبێ کە پەرەگرتنی حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئـێران لـە دژی ئـەو رێژیمـە بگاتە لووتکەو هەموو ئەو "معادلە"انە بگۆڕێن.

## درێژەی (بەر لە ماڵاوایی)

زۆر سەیرە! جلەوبەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی بـەو هـەموو دواکـەوتوویی، زۆرداری‌و دژی‌گەلی بوونەیانەوە، تێگەیشتوون کە ناکرێ چـی دیکـە خـۆ لـە ئاسـت جۆراوجۆریـی "قەومی‌و فەرهەنگی"ی دانیشـتوانی ئـێران کوێـرو کـەڕ بکـەن‌و، لەگـەڵ ئـەوەی هیـچ بڕوایەکیان بە دابین کردنـی مافـە نەتەوایەتی‌یـەکانی گـەلانی ئـێران نیـە، بـە هێندێـك سیاسەت‌و هەنگاوی عەوام خەڵەتێنانە، دەیانەوێ بەر بە تەقینەوەی رق‌و تووڕەیی نەتـەوە بندەستەکانی ئێران بگرن. بەڵام "هەیئەتی ڕێبـەریی جەبهـەی میلليـی ئـێران" کـە بـە روالەت دەم لـە "خـەڵك سـەرداری"، "مـافی شـارۆمەندی"و "ئازادی‌یە تاکەکەسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان" دەدەن‌و سەبارەت بـە زەوتکردنـی ئـەوماف‌و ئازادی‌یانـە رەخنـە لـە شێوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئێستا دەگرن، شتێکی زۆر کەمتر لـە مـافی خوێنـدن بـە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی گەلانی پێکهێنەری خەڵکی ئـێران ـ ئـەویش مـەعلووم نیـە راستە یان نا ـ بە خەیانەت بە ئێران دەزانن!

"عباس امیر انتظام" لە نامەکەی پارەکـەی‌دا "بـۆ میللـەتی ئـێران" نووسـیبووی: "ئێمە ئەمرۆکە لە سەرەتای سەدەی ٢١و لە جیهانێکدا دەژین کـە لەگـەڵ پێشـکەوتنی زۆر گـەورە لـە بوارەکـانی تێکنۆلـۆژی‌و زانسـتی‌دا بـەرەوڕووین". لـە پـەنا ئـەم قسەیەش‌دا، ئیشارەی بە بەجێمانی ئێران لە کـاروانی شارسـتانەتی‌و پێشـکەوتن لـە سـێبەری دەسـەڵاتدارەتیی کۆمـاری ئیسـلامی‌دا کردبـوو. ئێسـتا کـە بۆچوونـە دواکەوتوویانەو شۆوێنیستانەکانی ئەو و هاوبیرانی لەبارەی سـەرەتاییترین مافـەکانی گەلانی بندەستی ئێراندا دەخوێنمەوە، لەو جەنابەو هاوبیرانی دەپرسم: ئەدی ئێوە لەو جیهانە پێشکەوتووە بەجێ نەماون کە تـا ئێسـتاش لـە خـەوە مەزنیخوازانـەکانتان رانەپەڕیون؟! داننـان بـە بوونـی جۆراوجۆری‌یـەکان (رەگـەزی، نەتـەوەیی، ئـایینی، جینسی، فەرهەنگی‌و. . .)و بە رەسمی ناسینی مافە رەواکانیان‌و، مـەحکوومکردنی باڵادەستیی یەکیان بەسەر ئەوانی دیکەدا، یەکێك لە نیشانەکانی ناسین‌و تێگەیشتنی ئەم سەردەمەو لە مەرجەکانی خۆگونجاندن لەگـەڵ جیـهانی مۆدێـرن‌و پێشـکەوتووی ئەمرۆیە کە ئێوە لێی بێبەشن.

ئێستا کە بیرو بۆچوونەکانی ئەمیر ئینتیزامم بۆ دەرکەوتوە، لەلایەکـەوە بۆخـۆم بەداخم کە شایی دنیایەم بەو بەندی‌یـە دەسـت‌و پـێ زنجیر کـراوە هـەبوو و، خۆشـم دەویست. لەلایەکی دیکەشەوە حەیفم لەو سـاڵانە دێ کـە نـاوبراو لـە پێنـاوی بـیرو باوەڕێکی ئاوا چەوت لە زینداندا، لە دەستی دان.

**بۆ هاوکـاریـی زیاتـری هێزە دێمۆکـرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 384 5 March 2004



**بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## بە بۆنەی شانزدەهەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەوە



**بنکەی شێعرو ئەدەبی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، ئەمساڵ بە پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی سەرانسەری کە لەودا کۆمەڵێك وتار پێشکێش دەکرێن، یادی کارەساتی هەڵەبجە دەکاتەوە. لە ئاگادارییەکدا کە بەم بۆنەیەوە بڵاوی کردۆتەوە، هاتوە:**

**بە تریاکی هەڵەبجەیەك هەڵەبجەیەك لەبیر خۆمان دەبەینەوە**

نەك لە ماتەمینی ٥٠٠٠ گوڵی هەڵپروسکاوی نێو بەهاری هەڵەبجە، نەك لە ماتەمینی ١٨٢٠٠٠ ونبووی ئەنفال، نەك بە دوای چۆنیەتیی مردنی ئەوان، بەڵکوو بە شوێن چۆنیەتی کرداری خۆمانو خوێنەرانو چاولێکەرانی ئەو کارەساتە دەگەڕێین، تا جارێکی تر نەبینە قوربانیی ڕووداوێکی تر.

بە بۆنەی شانزدەهەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجە

بنکەی شێعرو ئەدەبی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی سەراسەریی بیرەوەریی هەڵەبجە لە ڕۆژی سێشەمە ١٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٢ بەڕێوە ئەبات.

تەوەری وتارکان:

١ـ پێشینەی فکریو سیاسیو مێژوویی ژینۆساید لە جیهان

٢ـ ژینۆساید لە ڕابردوو ئێستاو داهاتوودا

٣ـ کارلێکەریی هەڵەبجە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی

٤ـ هەڵەبجەو ١١ی سێپتامبر، ئاکامەکانیو دادگایی کردنی خوڵقێنەرەکانیان

٥ـ هەڵەبجەو ڕەنگدانەوەی فکریو کۆمەڵایەتیو شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگای کوردی لە گەڵیدا

٦ـ هەڵەبجەو جیهانیبوونو کێشەی کورد

٧ـ مافی مرۆڤو کارەساتی جیهانیو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان

٨ـ کوشتنی بە کۆمەڵو ڕوانگەی ئیسلام، جیهانی ئیسلامو هەڵەبجە

٩ـ شوناسی پارچە پارچەی کوردیو پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچە

١٠ـ هەڵەبجەو کاردانەوەی لەسەر ژینگە

هەروەها لە بەشی پاڵەکیی کۆبوونەوەکەدا، پێشانگای وێنەو شێوەکاری لە ڕۆژانی ١٦ تا ١٩ بەرپا دەبێت.

## تا دێ بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران پتر دچنە ژێر پرسیار

"کارل ویك" لە نووسەرانی سرویسی دەرەوەی ڕۆژنامەی واشنگتۆن پۆست لە ژمارەی ٢٤ی فێوریەی ئەو ڕۆژنامەیەدا، وتارێکی لەژێر ناوی "بەرنامەیەکی ئەتۆمیی دیکەی ئێران" بڵاو کردەوە. لەو وتارەدا باسی بەرزە فڕیو نیازە شاراوەکانی حکوومەتی ئێران کراوەو گوتراوە: ئاشکرا بوونی تاقیکردنەوە ئەتۆمی‌یە ڕانەگەیەندراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو گومانەی لەنێو ڕۆژئاوادا پەرە پێداوە کە ئێران نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی هەیە. نووسەری واشنگتۆن پۆست لەو وتارەی‌دا دەنووسێ: لێکۆڵەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی ئەتۆمی بۆیان دەرکەوتوە کە ئێران خەریکی بەرهەمهێنانی پلوتۆنیۆم بووەو بە هۆی ئەو ماددەیەوە زنجیرەیەك تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی ئەنجام داوە. پلوتۆنیۆم توخمێکە کە بۆ ئەنجامدانی تەقینەوەی ئەتۆمی پێویستە. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژیمی ئێران دانی بەوە داناوە کە هێندێك تاقیکاری بە هۆی پلوتۆنیۆمەوە ئەنجام داوە، بەڵام لە ڕوونکردنەوەیەکدا لەو بارەوە بەکارهاتنی پلوتۆنیۆم لە بەرهەمهێنانی بەرقدا وەك یەکێك لە مەبەستەکانی ناو بردووە. "کارل ویك" دەنووسێ: ئاشکرا بوونی ئەم مەسەلەیە یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی تێکۆشانی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کردوە.

ڕێژیمی ئێران هیوادار بوو کە پێش ٨ی مارسی ٢٠٠٤ واتە پێش پێکهاتنی کۆبوونەوەی شووڕای بەڕێوەبەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، ژانسەرەکانی کێشەی ئەتۆمیی لە کۆڵ بێتەوە. بەڵام ئاشکرا بوونی هێندێك بەرنامەی نهێنیی کۆماری ئیسلامی، بووە بە هۆی ئەوە ئیعتباری ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا زەبری زۆری وێ بکەوێو بەم زوانە ژانسەرەکان لە کۆڵی نەبنەوە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕاپۆرتێکی گشتگیر (جامع)دا کە دابووی بەو ئاژانسە، نە باسی هەبوونی دەزگای سانتریفوژی P2ی کردبوو، نە ئیشارەی بە بەرهەمهێنانی پلوتۆنیۆم کردبوو.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی BBCpersian**

## خەڵاتی دووهەمی ڕێکخراوی وێنەی خەبەریی جیهان بۆ وێنەگرێکی ئێرانی

ئەم وێنەیەی دەیبینن، باوکێك پێشان دەدا کە تەرمی دوو کوڕی خۆی کە بە هۆی کارەساتی بوومەلەرزەی "بەم"ەوە کوژراون، دەبا تا بەخاکیان بسپێرێ.

ئەم وێنەیە لە دوای بوومەلەرزەکەی شاری بەم کێشراوەو بەهۆی هەواڵدەریی فەرانسەوە بڵاو کرایەوە.

وێنەکە بە هۆی "عەتا کەنارە" کە وێنەگرێکی ئێرانی‌یە هەڵگیراوەتەوە. لە ڕۆژانی دوای کارەساتی بوومەلەرزەی بەم ئەم وێنانەی عەتا کەنارە لە دیمەنە دڵتەزێنەکانی ئە وکارەساتە گرتبوونی،





وێڕای وێنەکانی هێندێك وێنەگری وەك "حەسەن سەربەخشیان" لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وڵاتدا بڵاو بوونەوە. ئەم وێنەیەش کە خەڵاتی وەرگرت، ئەوکات لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی بریتانیادا بڵاو بۆوە.

عەتا کەنارە تەمەنی ٣١ ساڵە، دا کاری گرتنی وێنەی خەبەریی لە ڕۆژنامەی "همشهری" را دەست پێ کردوە ئێستاش لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە هاوکاریی هەیە.

خەڵاتەکانی ڕێکخراوی وێنەی خەبەریی جیهان، لە بەناوبانگترین خەڵاتەکانی بواری وێنەگرینو، وەرگران دیارییەك بە ناوی "چاوی زێرین" وەردەگرن. خەڵاتەکە هولەندییەو پشتیوانانی ماڵیی ئەو خەڵاتەش کۆمپانیای کانونو کۆمپانیای فرۆکەوانیی هولەند (KLM)ن.

## هەڵوێستێك



## کە قارەمانە دەستو پێ زنجیرکراوەکەی ئێرانی لەبەرچاو خستم

**ع. وریا**

هێندێك دیمەن، بەو هۆیەوە کە حەقیقەتێك، ڕووداوێك، هەڵوێستێك یا کارەساتێك بە باشترین شێوە پێشان دەدەن، زۆر درەنگ لە مێشکی بینەرانیان دەسڕێنەوە.

وێنەیەك کە بەناوبانگترین زیندانیی سیاسیی سەردەمی کۆماری ئیسلامی، "عباس امیر انتظام"، بە نەخۆشیو لەسەر تەختی نەخۆشخانە، لە حاڵێکدا دەستێك ولاقێکی بە زنجیر بە تەختەکەیەوە بەستراون، نیشان دەدا، لەو جۆرە وێنەو دیمەنانەن.

سەرماوەزی ١٣٧٤، کاتێك بۆ یەکەم جار ئەو وێنەیەم لە حەوتوونامەی "کیهان لندن"دا دیت، لەژێر کاریگەریی بینینی ئەو دیمەنەداو، وەك ڕێزنانێك لە ١٦ ساڵ خۆڕاگریی ئەو مرۆڤە لە زیندانی کۆماری ئیسلامی‌دا، وتارێکم نووسی کە لە ژمارە ٢٢٨ی "کوردستان"دا بڵاو بۆوە. "امیر انتظام" هەتا ئەوکات هەموو هەوڵێکی مەئموورانی ئازارو ئەشکەنجەو زەجرکوژ کردنی خۆی، بۆ ئەوەی قسەیەکی خێر بۆ ئەو ڕێژیمە بکاو سەریان بۆ نەوی بکا، پووچەڵ کردبۆوە. ئەوکاتەش کە لە بەرەکەتی گەشە کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیو لە ترسی ئەوەی نەکا لە زینداندا بمرێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئامادە بوون لە زیندان ئازادی بکەن، بەڵام ئەو قبووڵی نەکردو دیگوت ئەو ڕێژیمە دەبێ لە دادگایەکی سەلاحییەتداردا وەڵامم بداتەوە کە بۆچی ٢٠ ساڵە گرتوومیو تاڵاوم پێ دەچێژێ“ یا کاتێك "ئەسەدوڵڵا لاجوەردی" جەللادی ناسراوی ئازادیخوازە بەندکراوەکانی ئێران کوژراو "خاتەمی" شینی بۆ کردو قوڕی بۆ پێوا، "امیر انتظام" لە وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنە فارسی زمانەکانی دەرەوەدا ئەو جەللادەی وەك "قەسابی ئێوین" ناو برد، سیمای مەزلوومانەی ئەو سەمبولەی خۆڕاگری لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، لەلام خۆشەویستتر بوو.

"عباس امیر انتظام" کە لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا لە زیندان هاتۆتە دەر، بەرامبەر بە ڕوواو ئاڵوگۆڕەکان بێلایەن نەبووە. پار، لە ٢٦ی ڕەشەمەدا نامەیەکی کراوەی بۆ "میللەتی ئێران" نارد. لەو نامەیەدا داوای لە خەڵکی ئێران کردبوو لە جیاتی هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری پێکهێنان لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا، خوازیاری ڕێفراندۆم بە مەبەستی هەڵبژاردنی جۆری حکوومەت لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دابن. ئەگەرچی لەو وشەو زاراوانەی لە نامەکەی‌دا بەکاری هێنابوون، دیار بوو ئەویش بڕوای بە بوونی یەك میللەت لە ئێراندا هەیە، بەڵام بەو ڕاشکاوی‌یە پەردەی لەسەر بیروبۆچوونە شۆوێنیستی‌یەکانی خۆی لانەدابوو. تەنانەت باسی "ڕەچاوکرانی مافەکانی هەموو "اقوام"و سەرجەمی ئەو کەسانەی بە زمانە جۆراوجۆرەکان دەدوێن"ی لەو حکوومەتە کاتی‌یەدا کردبوو.

بەڵام ڕێبەندانی ئەمساڵ، کاتێك ئەو هەواڵە بڵاو بۆوە کە "وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی کۆماری ئیسلامی ڕەزامەندیی دەربڕیوە تا کتێبە دەرسی‌یەکان بە گوێرەی تایبەتمەندی‌یەکانی هەر ئوستانێك ئامادە بکرێن، "عباس امیر انتظام" لەگەڵ چەند هاوبیرو باوەڕی بە ناوەکانی "ادیب برومند، دکتر هرمیداس باوند، مهندس نظام الدین موحد و دکتر پرویز ورجاوند"و بە ناوی "هەیئەتی ڕێبەریی بەرەی نەتەوەیی ئێران"، ڕووکاری ڕاستەقینەو نێوەرۆکی شۆوێنیستانەی بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەرخست. ئەو جەنابانە لە نامەیەکدا کە بۆ وەزیری پەروەردەو فێرکردنیان ناردوەو وێنەیەکیشیان داوە بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردن لە مەجلیسداو خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیم، ئەم بڕیارەیان بە بەرهەمی هەوڵەکانی "بەکرێگیراوانی بە ڕواڵەت دۆست بەڵام لە ڕاستی‌دا دوژمنی ئێران" کە "زەبر لە ریشەی بوونی میللەتی گەورەی ئێرانو یەکپارچەیی ئەم سەرزەوی‌یە دەدا" لە قەڵەم داوە. ئەو ڕێبەرانەی "جبهە ملی ایران" لەنێو هەموو ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ساڵانەی دوایی‌دا، "دوو هەنگاوی هێندێك لە ئۆرگانە سەرەکی‌یەکانی وڵاتیان بە پرمەترسیترین" زانیوە: یەکەم، ڕەزامەندی دەربڕینی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن لەگەڵ ئەوەکە کتێبە دەرسی‌یەکانی قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی بە گوێرەی هەلومەرجی جوغرافیاییو فەرهەنگیوکۆمەڵایەتیی هەر ئوستانێك، ئامادە بکرێنو بخوێندرێن. دووهەم، ڕێگەپێدانی ڕێکخراوی "دەنگو ڕەنگ" (رادیۆو تەلەویزیۆن) بەوەکە "ئوستانەکان، کاناڵی تەلەویزیۆنی بە زاراوەو شێوە قسەکردنی خەڵکی ئەو ئوستانانەیان هەبێو بەرنامە بەو شێوە ئاخاوتنانە بەرهەم بێنن". ئەو جەنابانە ئەم کردەوەیەی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنیان ـ ئەگەر بەڕێوە بچێ ـ بە خەیانەتێکی گەورە لە مێژووی هاوچەرخی ئێرانداو، وەك سەرەتایەکی پڕمەترسیو جێبەجێکردنی بەرنامەی بێگانەکان بۆ لەت لەتکردنی ئێران لە قەڵەم داوە.

باسێکی تێروتەسەل لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێرانداو، هۆو مەبەستەکانو، وەڵامدەر نەبوونی ئەو جۆرە هەنگاوانەی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنو رادیۆو تەلەویزیۆن کە گۆیا وەك بایەخدانێك بە جۆراوجۆریی "قەومی"و "فەرهەنگی"ی دانیشتوانی ئێران هەڵیان گرتوون. با بۆ دەرفەتێکی دیکە بێ. بەڵام پێم خۆشە لەو هەڵوێستە نەبوورمو، ئەگەر بۆ زیادکردنی نیگەرانیو تووڕەیی بێجێو بێمانای ئەو جەنابانەش بووە، چەند قسەیەك بکەم.

نەك هەر ئامادە کردنی کتێبی دەرسی بە گوێرەی تایبەتمەندی‌یە جوغرافیاییو کۆمەڵایەتی‌یەکانی هەر ئوستانێكو، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆو تەلەویزیۆنی بە "شێوە قسە کردن"ی دانیشتوانیان، بەڵکوو ئەگەر ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسییش واتە "ئازاد بوونی کەڵك وەرگرتن لە زمانە ناوچەییو قەومی‌یەکان لە چاپەمەنیو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانداو خوێندنی ئەدەبیاتی ناوچەییو قەومە جۆراوجۆرەکان لە تەنیشت زمانیفارسی‌دا" بەڕێوە بچێ، میللییەتەکانی پێکهێنەری ئێرانو یەك لەوان گەلی کورد، بە کەمترین مافی خۆیانی دەزاننو پێی ڕازی نابن. ئەو میللەتانە نەك هەر بەوەندە چاویان نانووسێ، بەڵکوو بەبێ داننانی دەسەڵاتی ناوەندی بە بوونی ئەوان وەك گەلێكو میللەتێکی حیاواز، بە بێ دابین کرانی مافە نەتەوەیی‌یەکانیانو یەك لەوان سپاردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سەرزەویو ناوچەی خۆیان بە خۆیانو، بێبەشدار کردنی دادپەروەرانەیان لە دەسەڵاتی ناوەندی‌دا، واز لە خەباتو تێکۆشان ناهێننو لەم سەردەمەدا چی دیکە مل بۆ هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی کە ئەم مافانەیان بۆ دابین نەکا، ڕاناکێشن.

## فیلمی "گەڕانەوەی پاشا" زۆربەی خەڵاتەکانی ئوسکاری ئەمساڵی کردە هی خۆی

سەرەتای مارسی ئەمساڵ لە ڕێورەسمێکدا کە بە قسەی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان نزیکەی یەك میلیارد نەفەر لە ڕێگای تەلەویزیۆنەوە ڕاستەوخۆ دەیانبینی خەڵاتەکانی حەفتاو شەشەمین ئوسکار پێشکێش کران.

زۆرترین خەڵاتەکانی ئوسکاری ئەمساڵ وەبەر فیلمی "گەڕانەوەی پاشا" کە بەشی سێهەمی تریلۆژیی "خودانی ئەڵقەکان"ە کەوت. ئەو فیلمە کە بە باشترین فیلمی ساڵ ناسرا، سەرجەم ١١ خەڵات لە باشترین خەڵاتەکانی ئوسکاری ئەمساڵی کردە هی خۆی کە خەڵاتی باشترین دەرهێنان، باشترین دەرهێنانی هونەری، باشترین جلوبەرگەکانو باشترین دیمەنە سینەمایی‌یەکان لەو خەڵاتانە بوون. دەرهێنەری ئەو فیلمە "پیتر جاکسۆن"ە.

فیلمەکانی دیکە کە کاندیدای خەڵاتی ئوسکار بوون بریتی بوون لە: "کەشتی‌یەوانو فەرماندەر" (کاندیدای ١٠ خەڵات)و "کوێستانی ساردو سیبیسکوت" (کاندیدای ٧ خەڵات). "شارلیز ترون" سەبارەت بە بەشداری لە فیلمی "هیولا"دا، خەڵاتی باشترین هونەرپیشەی ژنو، "شون بێن" بەبۆنەی دەورگێڕانی لە فیلمی "ڕووباری سێحراوی"دا، خەڵاتی باشترین ئەکتەر پیاوی وەرگرت.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ڕۆڵی دووهەم وەبەر "ڕێنێ زلووگیەر" کەوت. پێویستە بگوترێ "شوهرە ئاغداشلوو" ئەکتەری ناسروی ئێرانی بەبۆنەی بەشداری لە فیلمی "ماڵێك لە چەمو مژ" کاندیدای ئەم خەڵاتە بوو، کەچی بۆی دەرنەچوو.

خەڵاتی باشترین فیلمی دوکومێنتی درا بە فیلمی "تۆزی شەڕ" کە لە بارەی "ڕابێرت مەك نامارا" وەزیری شەڕ لە سەردەمی "کێندیو جانسۆن" (دوو سەرکۆماری ئەمریکا)دا بوو. خەڵاتی باشترین فیلمی دەرەوەش درا بە "هێرشی بەربەرەکان" کە "دێنیس ئارکاند" خەڵکی کانادا دروستی کردبوو.





پیتێر جاکسۆن



## لەیلا زانا و هەنگاوێکی تر بەرەو خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل ...



کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل لە دوا کۆبوونەوەی‌دا ژمارەی پاڵێوراوانی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی ساڵی ٢٠٠٤ی لە ١٩٤ پاڵێوراوەوە کرد بە ٣٠ کەس. ناوی ژنە پەرلەمانتاری کورد لەیەلا زانا لە پاڵ ناوی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج دەبلیو بوش و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێردا تۆمارکراوە.

هەندێك لە ناوە ناسراوەکانی تری سەر ئەم لیستە بریتین لە: زەکی ئەحمەد سەرۆکی دامەزراوەی تێکۆشان لەدژی ئەیدز لە باشووری ئەفەریقا، محەمەد ئەلبرادعی سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی ئەتۆم، هانز بلیکس سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی پشکنینی چەکە کۆکوژەکانی عێراق، واسلاڤ هاڤێل نوسەر و سەرۆکی پێشوی کۆماری چیك و چەندانی تر.

لەیلا زاناش کە لە ساڵی ١٩٩٤-ەوە لە گۆشەی تاریکی زیندانەکانی تورکیادایە، لەگەڵ ئەو ناوانەدا لە پێشبڕکێ دایە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل. بەڵام چاودێران دەڵێن لەبەر ئەوەی پار خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە شیرین عیبادی بەخشرا، مەزنە ناکرێ ئەمساڵیش بە پاڵێوراوێکی تری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدرێ.

ئەندامانی کۆمیتەی نۆبێل ڕۆژی ٢٧ ئاپریل کۆدەبنەوە و گوڵبژێرێکی تری ناوی پاڵێوراوان دەکەن و لە ٣٠-یەوە دایدەگرن بۆ ٦ یان ٥ پاڵێوراو. ئەم کۆمیتەیە پاش وەرگرتنی بیروڕای شارەزایانی بیانی و لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکانیان، لە وەرزی پایزدا ناوی ئەو کەسە ڕادەگەیەنێت کە خەڵاتی ئاشتیی ساڵی ٢٠٠٤ وەردەگرێ.

**سەرچاوە: کوردستان نێت**